مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

# أثر تعاطي المخدرات على ارتكاب الجريمة دراسة ميدانية في مدينة أربيل

الباحث: سفين فرحان فارس

قسم علم الاجتماع، كلية اداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، عراق.

safeenfarhanfaris@gmail.com

أ.م.د. زانا احمد بيرداود

قسم علم الاجتماع، كلية اداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، عراق.

Zana.perdawd@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الجريمة، المواد المخدرة، التعاطي, المجرم

**كيفية اقتباس البحث**

فارس , سفين فرحان , زانا احمد بيرداود , أثر تعاطي المخدرات على ارتكاب الجريمة دراسة ميدانية في مدينة أربيل,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# أثر تعاطي المخدرات على ارتكاب الجريمة دراسة ميدانية في مدينة أربيل

# The Impact of Drug Abuse on Crime Commission
## A Field Study in Erbil City

**Ferst author:**

**Safin Farhan faris**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: safeenfarhanfaris@gmail.com

**Co-Author(s):**

**Prof.Dr.Zana Ahmed Pirdawud**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Zana.perdawd @su.edu.krd

**Keywords** : Crime, Drugs, Usage (Drug Abuse)

**How To Cite This Article**
Faris , Safin Farhan ,Zana Ahmed Pirdawud ,The Impact of Drug Abuse on Crime Commission A Field Study in Erbil City,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**
This study, titled "The Impact of Drug Abuse on Crime Commission: A Field Study in Erbil," aims to identify the nature of the relationship and the effects of drug use on motivating individuals to engage in criminal behavior. To achieve this objective, the researcher adopted a Qualitative Method and utilized Thematic Analysis. Field data were collected

through semi-structured interviews with a purposive sample of (23) male and female participants serving legal sentences in the Adult, Women, and Juvenile Reformatories in Erbil, as well as those detained by security agencies.

The field results revealed an organic and direct correlation between the type of drug (specifically Crystal Meth) and the pattern of committed crimes. Drugs function as bio-chemical drivers that numb fear centers and generate illusory courage, propelling individuals toward violent crimes (such as homicide and assault) and moral offenses. Furthermore, the study found that addiction leads the individual into a state of "Anomie" and a total collapse of values, where securing the substance becomes the sole objective, even at the expense of stealing from family or violating social sanctities. The findings also indicated that demographic factors—such as low educational attainment, poverty, and family disintegration—have created a fertile environment for the escalation of this phenomenon in Erbil. The study concludes that addressing this issue is not merely a security matter; rather, it requires a comprehensive psychological, social, and economic strategy to prevent recidivism and protect the social fabric of the Kurdistan Region.

**الملخص :**

أُجريت هذه الدراسة بعنوان (أثر تعاطي المخدرات على ارتكاب الجريمة: دراسة ميدانية في مدينة أربيل). يكمن الهدف الرئيس للبحث في الكشف عن طبيعة العلاقة وتأثيرات تعاطي المواد المخدرة في تحفيز الفرد على ارتكاب السلوكيات الإجرامية. ولتحقيق هذا الهدف، اعتمد الباحث المنهج النوعي (Qualitative Method) وأسلوب التحليل الموضوعي (Thematic Analysis). جُمعت البيانات الميدانية من خلال مقابلات شبه منظمة مع عينة قصدية مكونة من (٢٣) مبحوثاً من كلا الجنسين، ممن يقضون عقوباتهم القانونية في مديريات إصلاح الكبار، والنساء، والأحداث في مدينة أربيل، بالإضافة إلى الموقوفين لدى الأجهزة الأمنية.

أظهرت النتائج الميدانية وجود علاقة عضوية ومباشرة بين نوع المادة المخدرة (لاسيما مادة الكريستال) ونمط الجرائم المرتكبة؛ إذ تعمل المخدرات كمحرك "بايو-كيميائي" لتعطيل مراكز الخوف وخلق شجاعة وهمية تدفع الفرد نحو ارتكاب جرائم عنيفة (كالقتل والاعتداء) وجرائم أخلاقية. كما كشفت الدراسة أن الإدمان يوصل الفرد إلى حالة من "الأنومي" (الاغتراب المعياري) والانهيار التام للقيم، حيث يصبح تأمين المادة المخدرة هو الهدف الأوحد، حتى وإن كان ذلك على حساب السرقة من العائلة وانتهاك المقدسات الاجتماعية. كما تبين أن العوامل الديموغرافية مثل انخفاض المستوى التعليمي، والفقر، والتفكك الأسري، وفرت بيئة خصبة لتفاقم هذه الظاهرة في مدينة أربيل. وتخلص الدراسة إلى أن معالجة هذه المشكلة لا تقتصر على البعد الأمني فحسب، بل تتطلب استراتيجية شاملة (نفسية، اجتماعية، واقتصادية) للحد من العود الجرمي وحماية النسيج الاجتماعي الكوردستاني.

## أثر تعاطي المخدرات على ارتكاب الجريمة دراسة ميدانية في مدينة أربيل

كاریگەری ماددەی هۆشبەر لەسەر ئەنجامدانی تاوان توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر


توێژەر: سفين فرحان فارس

بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق.

safeenfarhanfaris@gmail.com

ناوی توێژەرکانی تر

پ.ی.د. زانا احمەد بيرداود

بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق.

Zana.perdawd@su.edu.krd



**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەری ماددەی هۆشبەر لەسەر ئەنجامدانی تاوان: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر) ئەنجامدراوە. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە ئاشکراکردنی شێوازی پەیوەندی و کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەسەر هاندانی تاک بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارە تاوانکارییەکان. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، توێژەر ڕێبازی چۆنایەتی (Qualitative Method) و میتۆدی شیکاریی بابەتی (Thematic Analysis)گرتووەتەبەر. داتا مەیدانییەکان لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی نیمچە-ڕێکخراو لەگەڵ نموونەیەکی مەبەستدار کە پێکهاتبوون لە (23) لێتوێژراو (نێر و مێ) کۆکراونەتەوە، کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازیی گەوران، ئافرەتان و نەوجەوانانی شاری هەولێر و دەزگا ئەمنییەکاندا سزای یاساییان بەسەردا سەپێنرابوو.

ئەنجامە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە پەیوەندییەکی ئۆرگانی و ڕاستەوخۆ لە نێوان جۆری ماددەی هۆشبەر (بەتایبەت کریستاڵ) و شێوازی تاوانەکاندا هەیە؛ بە جۆرێک مادده هۆشبەرەکان وەک بزوێنەرێکی بایۆ-کیمیایی کار دەکەن بۆ سڕکردنی ناوەندەکانی ترس و دروستکردنی ئازایەتییەکی وەهمی، کە تاک بەرەو ئەنجامدانی تاوانە توندوتیژەکان (کوشتن و لێدان) و تاوانە ئەخلاقییەکان پاڵ دەنێت. توێژینەوەکە دەریخستووە کە ئالوودەبوون تاک دەگەیەنێتە دۆخی "ئەنۆمی" و دارمانی ڕەهای بەهاکان، کە تێیدا دابینکردنی ماددەکە دەبێتە تاقە ئامانج، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی دزیکردن لە خێزان و شکاندنی پیرۆزییە کۆمەڵایەتییەکانیش بێت. هەروەها دەرکەوتووە فاکتەرە دیمۆگرافییەکانی وەک نزمیی ئاستی خوێندن، هەژاری و لێکترازانی خێزانی، زەمینەیەکی لەباریان بۆ پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە لە شاری هەولێر ڕەخساندووە. توێژینەوەکە لە کۆتاییدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە چارەسەری ئەم گرفتە تەنها ڕەهەندێکی ئەمنی نییە، بەڵکو پێویستی بە ستراتیژییەکی گشتگیری دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی تاوان و پاراستنی شیرازەی کۆمەڵگای کوردی.



وشە سەرەکییەکان: تاوان، تاوانبار،مادەی هۆشبەر، بەکارهێنان.

## پێشەکی

دیاردەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر یەکێکە لە مەترسیدارترین ئاڵنگارییەکانی سەدەی بیست و یەکەم، کە تەنها لە چوارچێوەی کێشەیەکی تەندروستیدا نامێنێتەوە، بەڵکو وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت. لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە شاری هەولێر، ئەم دیاردەیە لە ساڵانی دواییدا گەشەکردنێکی ترسناکی بەخۆیەوە بینیوە و بووەتە هۆکارێکی بنەڕەتی بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوانە نامۆ و توندوتیژەکان. ئەم توێژینەوەیە لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت کە پەیوەندیی نێوان "بەکارهێنان" و "تاوان" پەیوەندییەکی دوو-ڕەهەندییە؛ لە لایەکەوە کاریگەرییە بایۆ-کیمیاییەکانی مادده هۆشبەرەکان دەبنە هۆی دارمانی کۆنترۆڵی دەروونی و سەرهەڵدانی ڕەفتاری شەرەنگێزانە، و لە لایەکی تریشەوە، ناچاریی ئابووری بۆ دابینکردنی تێچووی ماددەکان، تاک بەرەو لادان و تاوانی جۆراوجۆری وەک دزی و بازرگانیکردن بە بەهاکانی خێزانەوە پاڵ دەنێت.

گرفتەکە تەنها لە خودی ماددەکەدا نییە، بەڵکو لەو "ئەنۆمییە" کۆمەڵایەتییەدایە کە تاک لە ژێر کاریگەریی ئالوودەبووندا شوناسە مرۆیی و ئەخلاقییەکەی خۆی تێیدا لەدەست دەدات. لێرەوە، ئەم لێکۆڵینەوە مەیدانییە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی قووڵبوونەوە لە ئەزموونی ڕاستەقینەی لێتوێژراوان، پەردە لەسەر ئەو پاڵنەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییانە لابدات کە تاوانبار لە بازنەی بەکارهێنانەوە دەگوازنەوە بۆ ناو جیهانی تاوانکاریی مەترسیدار. ئامانجی ئەم هەوڵە زانستییە، دابینکردنی پاشخانێکی مەعریفی و پراکتیکییە بۆ دەزگا ئەمنییەکان و ناوەندە ئەکادیمییەکان تاوەکو بتوانن ستراتیژییەکی گشتگیر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشە کۆمەڵایەتییە دابڕێژن و شیرازەی کۆمەڵگای کوردی لە لێکترازان بپارێزن.

### 1- ڕەهەندەکان و چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە:

#### 1-1 ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:.

#### 1-1-1 گرفتی توێژینەوەکە:

هەڵبژاردنی ناونیشانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە ڕێگەی سەرنجدان و هەستپێکردنی توێژەر بە گرفتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو (کاریگەری ماددەی هۆشبەر لەسەر ئەنجامدانی تاوان) سەرچاوە دەگرێت ،هانی توێژەر دەدات بۆ ئاشکراکردنی شێوازی پەیوەندی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرکان بە ئەنجامدانی تاوانی دواتر دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردن یان نەهێشتنی مەترسییەکانی لەسەر کۆمەڵگا.

بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و ڕەفتاری تاوانکاری دوو کێشەی کۆمەڵایەتی تێکەڵاون کە مەترسییەکی بەرچاو لەسەر ئارامی کۆمەڵگا و سەلامەتی گشتی دروست دەکەن. پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و ئەنجامدانی تاوانەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان هەستی پێدەکرێت، بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان زۆرجار بەشدارە لە دروست بوونی ڕەفتارە لادەر و تاوانی، دزی و تاوانە توندوتیژەکان.

ئەو کەسانەی کە لە ژێر کاریگەری مادده هۆشبەرەکاندا بوون، زۆربەی کات کاری نایاسایی ئەنجام دەدەن بۆ دابینکردنی دارایی کڕینی ماددەی هۆشبەر یان بەهۆی و کەمبوونەوەی و نەمانی خۆکۆنترۆڵکردن. ئەم پرسە زیاتر ئاڵۆزتر دەبێت بەهۆی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

دەروونیانەی کە هەم بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و هەم مەیلی تاوانکاری دەباتە پێشەوە، ئەمەش سوورێکی خراپ دروست دەکات کە ئەستەمە بشکێنرێت.

چارەسەرکردنی ئەم پرسە زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدانی ستراتیژییەتی دەزگا ئەمنیەکان،چونکەکاریگەرییەکانی کە هەم وابەستەیی بە ڕێژەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و هەم ژمارەی تاوان ، جگە لەوەش، زۆر گرنگە لێکۆڵینەوە لەوە بکرێت کە چۆن دەتوانرێت سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان و بەرنامەکانی چاکسازی بۆ چارەسەرکردنی ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزە دابرێژرێت.

گرفتی ئەم توێژینەوە بریتییە لەو پرسیارانەی خوارەوە:

١- ئەو مادده هۆشبەرانەی کە بەکارهێنراون لەلایەن لێتوێژراوان لەکۆمەڵگای توێژینەوەچین؟

٢ -جۆری ئەو مادده هۆشبەرانەی کە زیاتر بەکارهێنەر بەرەو تاوان دەبەن چین؟

٣- بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر چ کاریگەری لەسەر تاوان هەیە؟

**1-1- 2- گرنگیەکانی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەدوو لایەن پێکهاتووە:

أ-گرنگی تیۆری: لە بواری تیۆریدا گرنگی ئەم توێژینەوە بریتییە لەبابەتی توێژینەوەکە لەسەر ئاستی زانستی یەکەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت بەم ناونیشانە لەسەر(کاریگەری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەسەر ئەنجامدانی تاوان)، ئەم توێژینەوە ڕەنگە ببێتە پاشخانێکی مەعریفی تیۆری بۆ توێژەرانی تر، ئەمەش هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت بۆ درێژەدان بە ئەنجامدانی توێژینەوە زانستی لەو بوارەدا لە دوارۆژدا.

ب-گرنگی پراکتیکی:ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەی بە دەستهێنانی بەڵگەی زانستین لەسەر دیاردەیەکی ترسناکی هەنووکەیی کە پەیوەستە بە گشت لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەندامانی کۆمەڵگەوە، ئەویش مەترسییە کانی زیادبوونی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانە و پەیوەندی بە زیادبوونی ڕەفتاری تاوانکاری، کە داڕووخانی کۆمەڵگە بەدوای خۆی دەهێنێت، هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی یارمەتیدەربۆ دەزگاکانی ئاسایش ئەوانەی کە بەرپرسن و پەیوەستن لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا.

**1-1- 3 ئامانجەکانی تویژینەوەکە:**

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی ئامانجێک یان کۆمەڵێک ئامانجی هەیە، کەتوێژەر بۆ گەیشتن پێیان و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان توێژینەوە ئەنجام دەدات، ئەویش لەناوەرۆک و لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیدا دەردەکەوێت، لەڕێگای ئەم ئامانجانەوە خوێندنەوەیەکی واقعیانە بۆ بابەتی توێژینەوەکە دەکات.

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

١-ئاشکراکردنی ئەو مادده هۆشبەرانەی کە بەکارهێنراون لە لایەن یەکەکانی توێژینەوەکەدا.

٢ -زانینی جۆری ئەو مادده هۆشبەرانەی کە زیاتر بەکارهێنەر بەرەو تاوان دەبەن.

٣-دەرخستنی کاریگەری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەسەرئەنجامدانی تاوان.

**1- 2-چەمکەکانی توێژینەوەکە:.**

**1- 2- 1 بەکارهێنان :**

بەکارهێنەر کەسێکە کە مادەی هۆشبەر بە شێوەیەکی ئەزموونی، بە شێوەیەکی پچڕپچڕ، یان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەکاردەهێنێت و زیان بە خۆی و کۆمەڵگا دەگەیەنێت. کەسێکی ئالوودەبوو لە ئاستێکی بەرزتری بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکاندایە لە چاو بەکارهێنەرێک. (المندی، 2013).

سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی تاوانکاری لە میسر بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: بەکارهێنان هەر ماددەیەکی هۆشبەر بە هەر شێوەیەک کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ناسراوە بۆ بەدەستهێنانی کاریگەرییەکی دەروونی(المركز القومي للبحوث الاجتماعية والجنائية، 1960: 126)

پێناسەی کارایی بەکارهێنان: بەکارهێنان بریتیە لە کرداری بەکارهێنانی یەک لە جۆرەکانی ماددەی هۆشبەر لەلایەن یەکەکانی توێژینەوە،جا سروشتی یان نیمچە سروشتی یاخوود دروست کراو بێت ،کە لەلایەن دادگاکانی هەرێمی کوردستان بە تاوان هەژمار دەکرێت،دەبێتە هۆکاری دروست بوونی ڕەفتاری تاوانکار،بەهۆی کاریگەری نەرێنی لەسەر چالاکی عەقلی ودەروونی کۆمەلایەتی وئابووری بەکاهێنەر دروست دەکات.

**1- 2-2- ماددەی هۆشبەر :**

ماددەی هۆشبەر وەرگێردراوی ووشەی ئیغریقیەو،ئەمەش واتای ئەوەیە هۆشی مرۆڤ دەبرێت ولە حالەتی سروشتی خۆی دادەبڕێت، لەئەنجامدا دەبێتە هۆی ئالوودەبوون و ژەهراویبوونی کۆئەندامی دەمار(پێندرۆیی، 2024: 7) . لەرووی کۆمەلایەتییەوە ئاماژەن بۆ کۆمەڵێک مادده کە دەبنە هۆی لەدەستدانی دەروون و سەرسەختکردنی هەستەکان و ڕەفتاری نائاسایی لە بەکارهێنەراندا، کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێی دەروونی و خەمۆکی و ئیرادەی لاواز و ڕق لێبوونەوەی کۆمەڵایەتی (احمد عبالعزیز، الهستیانی 2012:)

جابر بن سالم موسی و هاوڕێکانی پێناسەیان بۆ مادده هۆشبەرەکان ئەوەیە: "کۆمەڵێک ماددەن کە دەبنە هۆی ئالوودەبوون و ژەهراویکردنی کۆئەندامی دەمار. قەدەغەکراون لە بازرگانی و کشتوکاڵ و دانانیان، جگە لەو مەبەستانەی کە یاسا دیاری دەکات. تەنیا ئەو کەسانەی کە مۆڵەتیان هەیە دەتوانن بەکاریان بهێنن .

پێناسەی کارایی بۆ ماددەی هۆشبەر: بریتیە لە مادده سروشتی و نیمچە سروشتی وکیمیاییانەی وەکو هێرۆیین و ئەفیۆن ، کۆکایین و حەشیش و کریستال وحەبی ترامادۆل و... لەلایەن

یەکەکانی توێژینەوە بەکارهێنراوە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بە یاسا سزاییەکان بازرگانی کردن وبەکارهێنانی قەدەغە کردووە.

**1- 2- 3 تاوان:** شێوازێکی هەڵسوکەوتە کە پێکهاتەکانی بە وردی دیاری کراوە و سزایەکی تایبەتی لەخۆدەگرێت ،ئەمەش پێشێلکردنی ستانداردێکی کۆمەڵایەتی یان یاساییە کە کۆمەڵگا وەک هەڕەشەیەک بۆ ئاسایش و سەقامگیری خۆی دەبینێت، و بۆیە سزای بۆ داناوە (الصالح, 2000: 129).

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەڵیت: بریتییە لە هەر کردەوەك کاتێك لەناو کۆمەڵێک کەسدا ئەنجام بدرێت کە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن و زیان بە بەرژەوەندی هەموان بگەیەنێت ئەمەش بە تاوانی دژ بە کۆمەڵگە دادەنرێت، چونکە زیانەکانی تەنها لە چوارچێوەی ئەو کەسە سنوردار نییە کە تاوانەکەی بەرامبەری ئەنجام دەدرێت، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی(عبدالعزیز و الخضر، 2012: 34)

پێناسەی کارایی بۆ تاوان: ئەو کردارەیە کە تاک لەژێر کاریگەری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ئەنجامی دەدات ،بەو هۆیەش پێشێلی رێساوبەهاکانی کۆمەڵگای کوردی دەکات ،سنوری یاساش دەبەزێنێت،بۆیە دادگاش سزای قورسی بۆ دیاری دەکات ،لەسەری جێبەجێ دەکات بە ئامانجی بەدیهێنانی بەرپەرچدانەوەی تایبەتی وگشتی.

**1- 2 -4 تاوانبار :** لەروانگەی کۆمەلایەتیەوە دەڵێت ئەو کەسەیە کە پێشێلی بنەمای رەفتارە دیاریکراوەکانی لەو کۆمەلگەی تێدا دەژی کردووە، بەهۆیەوە لەسەری زیانی بە خۆی وخەلکی گەیاندووە، لەئەنجامدا سزا دەدرێت (العوجی،261:1980) ،یان ئەو کەسەیە کە کارێکی ناکۆمەلایەتی ئەنجامداوە،بە واتای هەرکەسێک دەگرێتەوە،کە سەرپێچی لە نەریتەکان بکات ،یان پێچەوانەی نۆرمەکۆمەلایەتیەکان هەلسوکەوت بکات(ربیع ،اخرون،39:2011)

لە ڕووی دەروونییەوە دەڵێت: بریتییە لەو کەسەی ،بەدەست شڵەژان ولادان لە کەسایەتی راست ودروست وتایبەتمەندییەکانی دەنالینێت، ئەو شڵەژانە بەرهەمی گەشەکردنی وبەربوونەوەی هەڵجوونی نائاسایی و، ئەو پەیوەندییە ناتەندروستیە ،کە لەنێوان ڕەگەزەکانی (ئەو،من ومنی بالا ) دا دروست دەبێت ئەو شڵە ژانانەش بە هۆکاری سەرەکی رەفتاری تاوانکاری هەژمار دەکرێت(رمضان :1985 :63).یاخود ئەو کەسەیە ،بە شڵەژانی هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگە دەنالێنێت ، کە ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی رەفتاری تاوانکاری(السراج:1985: 58 ).

پیناسەی تاوانبار لەرووی کارایی: ئەو کەسەیە لەنێو یەکەکانی توێژینەوە لەژێر کاریگەری ماددە هۆشبەرەکان رەفتاری تاوانکاری ئەنجامداوە، دادگاش ئەو رەفتارەی قەدەغە کردووە، لەبەرامبەری سزای بۆ دیاری کردووە.

### 2-توێژینەوەکانی پێشوو

2- 1- ڕێبین کاکەمم باوزی، 2022، شوێنەوارە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی زیادبوونی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان- توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە پارێزگای هەولێر (کوردستان).

توێژینەوەکە لەسەرمادەی هۆشبەر بەئامانجی دەستنیشانکردنی شوێنەوارە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی زیادبوونی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە پارێزگای هەولێر، ڕێبازی توێژینەوە وەسفی لە ڕێگای ڕووپێوی کۆمەلایەتی بەنموونە، کۆمەلگای توێژینەوەکە بەرێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران و بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی سۆران و کۆیە لە پارێزگای هەولێر، جۆری نموونەکەی هەرەمەکی سادەیە بە قەبارەی نمونە (260)یەکە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری (فۆرمی راپرسی، چاوپێکەوتن، تێبینی کردن)، ئامرازە ئامارییەکان (ڕێژەی سەدی، کای سکوێر، پێرسون، هاوکۆلکەی کرامەر). گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لایەن یەکەکانی توێژینەوە بەرێژەی 56.9% بوویتە هۆی ئەنجامدانی تاوانی دزیکردن، هەروەها بەکارهێنان بەرێژەی 30.7% بوویتە هۆی ئەنجامدانی ڕەفتاری لادەر، بەرێژەی 35،8% دەبێتە هۆی لەدەستدانی کۆنترۆڵی ڕەفتار وە بەرێژەی 35% بووەتە هۆی ئەنجامدانی تاوانی توندوتیژ، هەروەها بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لە پارێزگای هەولێر بەرێژەی 53% بووەتە هۆی ئەنجامدانی تاوانی سەرپێچیکردن، بەکارهێنان بەرێژەی 26.5% بووەتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان، بەرێژەی 18% بووەتە هۆی ناچارکردنی ئەندامانی خێزان بۆ تاوانکردن ،هەروەها لەلای ئەندامانی یەکەکانی توێژینەوە 29.2% بووەتە هۆی دروست بوونی لەکەی کۆمەڵایەتی لەسەر خێزان.

2 -2 فائیز ئیبراهیم محەممەد، 2013، کۆمەڵناسی خوگرتن بە مادده هۆشبەرەکان-توێژینەوەیەکی مەیدانیە هەولێر (کوردستان).

توێژینەوەکە لەسەرمادەی هۆشبەر بەئامانجی شیکردنەوەی دیاردەی خوگرتن بە مادده هۆشبەرەکان لەڕووی کۆمەڵناسی، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بار بووە ، کۆمەڵگای توێژینەوەکە شاری هەولێر، قەبارەی نمونە (10) کەسی خوگرتووبوو بەماددەی هۆشبەر لە بەندینخانەی محەتتەی شاری هەولێر، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری تەواوە، تێبینی کردن و چاوپێکەوتن)، ئامرازە ئامارییەکان (ڕێژەی سەدی، کای سکوێر، پێرسون). گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە: خوگرتن بە مادده هۆشبەرەکان بەرێژەی 30% هۆکارە بۆ ئەنجامدانی تاوان و بەندکردن، بەرێژەی 50% بوویتە هۆی ئەنجامدانی تاوانی دزیکردن ، لادانی جنسی و شەڕوبریندارکردن .

2 -3- يوسف لورابي و نصرالدين ميساوي، 2022، الإدمان على المخدرات و علاقته بالسلوك الإجرامي لدى المراهق دراسة ميدانية في مدينة فارس-مدية ،ئالودەبوون بە ماددەی هۆشبەر و پەیوەندی بە ڕەفتاری تاوانکاری لای هەرزەکار، توێژینەوەیەکی لە شاری فارس-مەدیە:

ئامانجی توێژینەوەکە دۆزینەوەی جۆری پەیوەندی نێوان ئالوودەبوون بەماددەی هۆشبەر و ڕەفتاری تاوانکاریە لای هەرزەکار، ڕێبازی توێژینەوە وەسفی بەرێگای روپێوی بە نموونە بووە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە شاری فارس مەدیە لە جەزایر، قەبارەی نمونە (180) هەرزەکاربوو، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری (ڕاپرسی، تێبینی کردن و چاوپێکەوتن)، بەکارهێناوە ئامرازە ئامارییەکان بریتی بوو لە (ڕێژەی سەدی، کای سکوێر، پێرسون). لە ئەنجامی توێژینەوە دەرکەوت ئالوودەبوون بەماددەی هۆشبەر بەرێژەی( 44.44%) دەبێتەهۆی تاوانی دزی، بەرێژەی( 27.78% )دەبێتە هۆی تاوانی دەستدرێژی کردنە سەر کەسانی تر.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

Rashada & Rathshanada (2005): Locus of ControlAnd 4- 1 -2
،(Personality Traits Of) Male Substance Abusers and Non Abusers
دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان کەسانی ئالودەبوو ئالودەنەبوو.

ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی جیاوازی ڕەفتاری نێوان کەسانی ئالودەبوو و ئالودەنەبوە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ڕێبازی توێژینەوە ی ئەزموونی بەکارهێناوە . کۆمەڵگای توێژینەوە شاری نیۆیۆرك بوو، نموونەی توێژینەوەکە (50) تاکی ئالودەبوو وە (50) تاکی ئالودە نەبوو، جۆری نمونەکەی مەبەستدار بووە. ئامرازی توێژینەوە بریتی بوولە تاقیکردنەوەی کاتل بۆ کەسایەتی و ڕاپرسی روتر. ئامرازی ئاماری ناوەندە ژمێر، لادانی پێوەر، تاقیکردنەوەی فای . لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کەسانی ئالوودەبوو بە ماددەهۆشبەرەکان بەرێژەیەکی بەرز خاوەن تایبەتمەندی شەڕەنگێزین و چەندین تاوان ئەنجام دەدەن لەوانە دزیکردن، دەستدرێژی، توندوتیژی بەراوورد بە کەسانی ئالوودە نەبوو.

**3- جۆر و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرو ڕۆلی لە ئەنجامدانی تاوان:**

**١-٣ – جۆرەکانی ماددە هۆشبەرەکان:**

٣ -١ -١: ماددەی هۆشبەری سروشتی:

ئەمانە ئەو ماددانەن کە سەرچاوەی ڕووەکین کە لە ناوچە مامناوەندەکاندا دەبینرێن. ماددە هۆشبەرە چالاکەکە لە بەشێکی ڕووەکەکەدا چڕ دەبێتەوە. لە گرنگترین ئەو ڕووەکانە بریتین لە:

1 .حەشیش: ڕووەکی حەشیش بە چەندین ناو ناسراوە، لەوانە حەشیش یان کیف. ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لە جنێڤ بەم شێوەیە پێناسەی دەکات "سەری ووشککراوە یان میوەی ڕەگی مێینەی ڕووەکی کانابیس ساتیڤا کە ڕزینەکەی لێ دەرنەهێنراوە، هەر ناوێک کە لە بازرگانیدا بەو ناوە حەشیش ناسراوە . یان ماریجوانا کە زۆرترین جار لە جەزائیردا هەیە، سەبارەت بە خواردنی، ئەمەش بە هەڵمژینی ئەنجام دەدرێت یان بە دەرزی لە ڕێگەی خوێنبەرەوە، بە ئازارشکێن و یارمەتیدەرێکی خەوتن دادەنرێت .

لە هەندێک وڵاتدا حەشیش یان وەرگیراوەکانی بۆ کەمکردنەوەی هەندێک نیشانە و باشترکردنی تەندروستی دەنووسرێت. ئارەزووی خواردنی ئەو کەسانەی کە نەخۆشی سەختیان هەیە، بە پێچەوانەی فەرەنسا کە دەرمانی حەشیشی نییە(Didier jayele، 2006، 29.) (بە شێوەیەکی سروشتی کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ هەیە، هەندێکجار دەبێتە هۆی ئەنجامدانی تاوان، لە کاریگەرییەکانیدا هەستکردن بە ئیسراحەت و ئاسوودەیی و شلبوونەوەی ماسولکەکان، هەروەها زیادبوونی هەستیاری بەرامبەر بە هەستەکانی بیستن و بینین، هەروەها هاندانی دەروون و هەستەکان(لحسین بن شیخ ، 2010 ، 9)، ئالوودەبوون بە حەشیش بەو مانایەش دێت کە بەکارهێنەر لە ڕووی دەروونییەوە وابەستە دەبێت تا ئەو ڕادەیەی کە کردەوە ئەنجام بدات بۆ بەدەستهێنانی. حەشیش بە زۆرترین بەرهەمی نایاسایی لە فەرەنسا دادەنرێت، بەتایبەتی لەنێو گەنجاندا، مەترسییەکانی خواردنی بەردەوامیش ئەگەرێکی ڕاستەقینەیەDidier ،2006 ،26)

2 .خەنەی تریاک: وەک مادەیەکی ڕەنگ تۆخ و چەسپاو دەناسرێتەوە و یان بە جوین یان تێکەڵ بە چا دەخورێت. هەروەها لە ڕێگەی جگەرەکێشانەوە بەکاردێت و بە یەکێک لە

مەترسیدارترین مادده هۆشبەرەکان دادەنرێت بەو پێیەی زۆر ئالوودەبوونە(مازن الحنبلي ، بێ سالی چاپ،7). خەفتە خەوتووەکان کاریگەرییەکانی بریتین لە هەستکردن بە خۆشی و دڵخۆشی، هەروەها کاریگەری لەسەر گەدە دەبێت، بەهۆی هاوبەشی دەرزی لە نێوان ئالوودەبوواندا دەبێتە هۆی تووشبوون بە ئایدز، خەوی قووڵ و ڕشانەوە و پەستانی خوێن دادەبەزێنێت، ماددەیەکی شلە کە لە ڕێگەی خوێنبەرەوە یان ژێر ماسولکەکانەوە دەدرێت، هەروەها دەتوانێت لە شێوەی تۆزدا بێت. سپییە و بە هەناسە دەدرێت.( بن عبيد سهام ،2013، 17).

3 .کۆکا: ماددەیەکی سپییە کە کۆئەندامی دەمار هان دەدات و لە دارەکانی کۆکا لە ئەمریکای ناوەڕاست و هیندستان دەرهێنراوە. کراک یەکێکە لە وەرگیراوەکانی، بە هەناسەدان و دەرزی لە ژێر پێستدا بەکاردێت(مختار سيدهم،31،،2017) سەبارەت بە کاریگەرییەکانی، فرۆید بەم شێوەیە کورتیان دەکاتەوە کە دەبێتە هۆی هاندانی حاڵەتێکی وروژاندن و خۆشحاڵی بەردەوام کە جیاوازی نییە لەوەی کە تاکە ئاساییەکان ئەزموونی دەکەن، توانای کارکردنی بەکارهێنەر زیاد دەکات، چ لە ڕووی جەستەییەوە بێت یان دەروونی، هەروەها ڕێگەی پێدەدات کاری چڕ و پڕ ئەنجام بدات بەبێ ئەوەی هەست بە ماندوێتی بکات Didier pol ) ،2002، 65-66.(

3 .قات: جۆرێکە لە دارە کە بەرگری لە هەڵاوسانی کەشوهەوا دەکات و گەڵاکانی هەمیشە سەوزن. گەڵاکانی ڕووەکی خەت لە گەڵاکانی لیمۆ دەچن. لە ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ئەفریقا، هەروەها لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا گەشە دەکات. هاندەرێک کە پێی دەوترێت خەت لە گەڵاکانی دەردەهێنرێت. ئەم مادەیە دەبێتە هۆی وابەستەیی دەروونی و بە وشککردنەوەی گەڵاکان دەخورێت، پاشان وردکردنی و کوڵاندنی لە ئاودا تا وەک هەویرێک دەبن. ( مازن الحنبلي ، سالی چاپی نیە، 9). کاریگەرییەکانی زۆر مەترسیدارن بۆ تەندروستی، بەو پێیەی پەستانی خوێن بەرز دەکاتەوە، دەبێتە هۆی ئیفلیجی جگەر و بۆری میز، هەروەها دەبێتە هۆی هەوکردنی گەدە. جگە لەوەش ئالوودەبووان نیشانەکانی وەک کاڵبوونەوەی دەموچاو و کەمبوونەوەی جوڵە و چالاکییەکان دەردەخەن .

3- 1- 2: دەرمانی نیمچە دروستکراو:

ئەمانە ئەو ماددانەن کە لە مادده سروشتییەکان دەرهێنراون. ئەو ماددانەن کە لە ڕێگەی کارلێکی کیمیایی لەگەڵ ئەو ماددانە ئامادە دەکرێن کە لە ڕووەکی مادده هۆشبەرەکانەوە دەرهێنراون. کاریگەری دەستبەجێیان لەسەر بەکارهێنەر هەیە و کاریگەریان بەهێزترە لە مادده هۆشبەرە ئەسڵییەکە(بن عبيد سهام ، 2013، 17). لە گرنگترینیان بریتین لە:

1 .مۆرفین: مۆرفین پاودەرێکی سپییە و بە یەکێک لە بەهێزترین دەرمانەکانی ئازارشکێن دادەنرێت. بە جگەرەکێشان، قووتدان، یان دەرزی لێدان دەخورێت(حمزة شرقي ، طاهر البقور ، 2016 ،6) ،لە شێوەی حەبی گولاودا دێت، کە ڕەنگیان سپی یان زەرد دەبێت، دەتوانرێت لە ڕووەکە دروێنەکراوەکە دەربهێنرێت (پۆپی پەرۆ). (علجية داوود، 2008 ، 13)

لە کاریگەرییە بەهێزەکەیدایە لەسەر قوڵۆنی مێشک، زۆر بەکارهێنانیش دەبێتە هۆی وابەستەیی، ئەگەر دەرمانەکە نەبوو، بەکارهێنەرەکە تووشی وروژانی دەمار دەبێت. دەرمانی مۆرفین دەرمانێکە کە لە ئێستادا لە بواری پزیشکیدا لە ڕووی کەمکردنەوەی ئازاری هەستەوە هاوتای نییە. ( علجية داوود، 2008 ،13-14).

2 هێرۆین: هێرۆین به یەکێک لە بەهێزترین مادده هۆشبەرەکان دادەنرێت کە دەبێتە هۆی وابەستەیی جەستەیی و دەروونی و سۆزداری. بەکارهێنانی بە ناچاری دەبێتە هۆی ئالوودەبوون بەهۆی کاریگەرییە بەهێزەکانیەوە. بە دەرزی یان جگەرەکێشان دەخورێت، بەڵام زۆربەی کات بە دەرزی ژێر پێست یان لە ڕێگەی خوێنبەرەوە دەدرێت(علي أحمد راغب ، 1997 ، 100 )، بە یەکێک لە مەترسیدارترین جۆرەکانی دەرمان دادەنرێت بەهۆی ئەو نەخۆشییە دەروونی و جەستەییانەی کە تووشی دەبن. هەروەها یەکێکە لەو مادە هۆشبەرانەی کە دەبێتە هۆی ئالوودەبوون و بەکارهێنانی بەردەوامی هێرۆین کاریگەری لەسەر کۆئەندامی دەمار دەبێت. هۆکاری ڕاستەوخۆی زۆربەی نەخۆشیەکانە(جیماوی فوزی،15،2012 )، مادده دەستکردەکان بەو دەرمانانە پێناسە دەکرێن کە لە تاقیگەدا لە پێکهاتەی کیمیایی دروست دەکرێن یان دروست دەکرێن. لەوانە دەرمانی ئازارشکێن و هاندەر، هەروەها دابەش دەکرێن بەسەر دەرمانی سروشتیدا.

3- 1- 3: مادده هۆشبەرە دروستکراوەکان (کیمیایی):

1کریستال: ماددەیەکی دەستکردە وجۆرێکی بەهێزی مێتامفێتامینە،کاریگەریەکی چالاک بەخش و وریاکەرەوەی هەیە ،هەستێکی خۆشگوزەرانی کاتی دەبەخشێت( محدى على احمد: ٢٠٢٢: ٧٠) بەکارهێنانی نادروست دەبێتە هۆی کێشە تەندروستی گەورەی وەک تێکچوونی دەروونی خەیالبینین ،پەشۆکاوی یان کێشەکانی دڵ وفشاری خوێن تەنانەت مەرگیشبەهۆی زیانەلانی ماددەیەکی قەدەغەکراوە( على اسماعيل:٢٠١٢: ٣٣) .

2-ترامادۆل: دەرمانێکی ئارامبەخشە،بەهێزییەکەی لە مۆرفین وهێرۆیین کەمترە ، بۆ ئازارو نەخۆشیە درێژخایەنەکان و شێرپەنجە بەکاردەهات وبەکارهێنانی دەبێتە هۆی ئاڵوودەبوون و لاوازبوونی تەندروستی و کێشەی دەروونی وەک گێژبوون ،پەشۆکاوی ، تێکچوونی رەفتارو هەڵسوکەوت( على اسماعيل: ٢٠١٢:٢٤).

3-کەتامین: دەرمانێکی بێهۆشکەرە لە تاقیگەدا دەروست دەکریت ، ئەم ماددەیە دەبێتە هۆی هەستێکی جدابوون لە جەستە و دەروون ، بەکارهێنەرەکە هەست دەکات لەجەستەی خۆی جیابۆتەوەو دەکەوێتە جیهانێکی خەیاڵی ،دیمەنەکان ،رەنگەکان ،دەنگەکان وهەستەکان بەشێوەی زۆر گۆڕاو دەبینێت(کەمال رەسول :٢٠٢٠: ٣٥).

٤- **ئێل ئێس دی** : ئەم ماددەیە خەیال و دیمەنە جیاوازەکان لە مێشکدا بەرجەستە دەکات ، دەبێتە هۆی خەیالکاری زۆرو بینینی شتە نادیارەکان ،بەکارهێنانی گۆرانکارییەدەروونیەکان دروست دەکات وەک هەستی خۆشەویستی قوڵ ئارامی زۆر یان ترس و دڵەڕاوکێ.( نەجات محمد : ٢٠٢٢: ٧٥ )و ئێم **دی ئێم ئەی:** ئەم جۆرەیان هەستی خۆشەویستی وچالاکی وپەیوەندیەکۆمەڵایەتی زیاد دەکات لەسەر سیستەمی دەمارەکان کاردەکا وبەشێوەی حەبی رەنگاورەنگ وپاودەر هەیە کاریگەری کورتخایەنی هەیە، بەکارهێنانی چەندین کێشەی دەروونی و جەستەیی بەدوای خۆدا دەهێنێت وەک خێرا لێدانی دڵ وفشاری خوێن یان زیانگەیاندن بە مێشک و یادگە(ذاکرە) ( نەجات محمد: ٢٠٢٢: ٧٥) .

**3- 2: رۆڵی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لە ئەنجامدانی تاوان:**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مـادده هۆشـبەرەکان بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ کاریگەری لەسـەر بەکارهێنەر دروست دەکات کە بە ووردی دەیخەینە بەر گەنگەشە و شیکاری وورد:

**3-2 -1** -کاریگەرییە راستەوخۆکانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر تاوان:-

مادده هۆشبەرەکان، بە تایبەتی ئەوانەی کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر مێشک هەیە ،وەک کۆکایین، مێتامفیتامین، هێرۆین، دەتوانن گۆڕانکارییەکی زۆر لە هەڵسووکەوت و دۆخی دەروونی کەسەکە دروست بکەن، ئەم ماددانە سیستمی دەماری ناوەندی دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیان، دەبنە هۆی زیادبوونی چالاکی دەمارەکان، یان کەمبوونەوەی کۆنترۆڵی کەسەکە لەسەر هەڵسووکەوتەکانی، بۆ نموونە کۆکایین ومێتامفیتامین دەتوانن توندوتیژی و شەرانگێزی زیاد بکەن، چونکە چالاکی مێشک بە شێوەیەکی نائاسایی بەرزدەکەنەوە،ئەمەش کەسەکە دەخاتە دۆخێکی نائارامەوە کە ئامادەیە کردەی تاوانکاری ئەنجام بدات ( Volkow et al., 2009, p 8). لەهەمانکاتدا مادده هۆشبەرەکان دەتوانن تێکچوونی دەروونی وەک پارانۆیا یان هەستکردن بە ترسێکی زۆر دروست بکەن، کەسەکە دەکرێت لە ژێر کاریگەرییەکەیاندا بەرەو رەفتاری نەخوازراو وەک توندوتیژی یان کوشتن بچێت (ئەحمەد محەمەد ساڵح: 2018: 55).

توێژینەوەیەکی کەیس-کۆنترۆڵ لەسەر پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی مادده و تاوانی توندوتیژی کە لەلایەن توێژەران (گیوپتا و ئەلڤاریز)لە ساڵی 2020 ،لەکەنەدا (ئەنتاریۆ) دەردەکەوێت کە جۆری تاوانەکانیان(توندوتیژی وهێرشبردن، کوشتن) بەمشێوەیە بوو ئەو کەسانەی تاوانی توندوتیژیان ئەنجامدابوو (کەیسەکان)، بە ڕێژەیەکی بەرچاو (70٪) پێش ئەنجامدانی تاوانەکە ماددەی هۆشبەریان بەکارهێنابوو، بە تایبەتی مادده هاندەرەکان وەک کۆکاین، لە ڕێژەی توندوتیژیدا( 40٪) دەڵێن کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە لە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی بەکارهێنانی ماددەکەدابوون.

مادده هۆشبەرەکان نەک تەنها دەبنە هۆی توندوتیژی دژ بە کەسانی دیکە، بەڵکو دەکرێت توندوتیژی دژ بە خۆیانیش دروست بکەن، وەک هەوڵدان بۆ خۆکوشتن یان رەفتاری مەترسیدار،بەکارهێنانی درێژخایەنی ماددەیەکی وەک هێرۆین یان مێتامفیتامین دەکرێت کەسەکە بکاتە کەسێکی خەمۆک کە هەست بە بێهیوایی دەکات، کە ئەمەش ئەگەری هەوڵدان بۆ خۆکوشتن زیاد دەکات، توێژینەوەیەک دەریخستووە کە کەسانی وابەستەی مادده هۆشبەرەکان بە ڕێژەی( 10) جار زیاتر لە کەسانی دیکە هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، بەهۆی کاریگەرییە دەروونییەکانی ماددەکان و کێشە کۆمەلایەتییەکانی وەک سەڵتی و لەدەستدانی پەیوەندییەکان (Hanson et al., 2022, p. 112).

هەروەها لە توێژینەوەیەکی تر ، لە ساڵی 2021،لەلایەن (داڤدس و میلەر) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ئۆهایۆ) کە توێژینەوەکە لەسەر ناوچە گوندنشینەکان ئەنجامدرا، ئەنجامەکانی نیشان دەدا کە ناوچەکانی نزیک کارگەی دروستکردنی مێتامفیتامین، بەراورد بە ناوچەکانی تر، ڕێژەی تاوانی توندوتیژیان 35٪ی زیاتر بووە و ڕێژەی دزینی مادده کیمیاییەکان (وەک دزینی مادده خاوەکان) 60٪ی زیاتر بووە. جۆری تاوان: توندوتیژی و کە مەبەستی دزینی مادده خاوەکانی پێویست بۆ دروستکردنی مێتامفیتامین ئاسیدە قورسەکان.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مادده هۆشبەرەکان وەک مێتامفێتامین (کریستاڵ) دەبنە هۆی کەمبوونەوەی کۆنترۆڵی خۆ و کردنی تاوانی دەستدرێژی سێکسی، چونکە ئەم ماددەیە توندوتیژی و هەڵسوکەوتی ناکۆنترۆڵکراو زیاد دەکات.

کۆکائین و هیرۆیین پەیوەندیەکی توندیان بە تاوانی پارە سپیکردنەوەوە هەیە، چونکە تاوانباران پارەی ماددەکە بە شێوەی نایاسایی دەگۆڕنەوە، بەتایبەتی کۆکائین کە لە بازاڕی نایاساییدا زۆر باوە. بەکارهێنەرانی هیرۆیین زۆرجار بۆ دەستکەوتنی پارە دەست بۆ دزیکردن، تاوان، و هەڕەشەکردن لە خەڵک دەکەن، چونکە پەیوەستبوونی قورس بەم ماددەیە ئەوان ناچار دەکات بە هەر شێوەیەک پارە پەیدا بکەن( مصطفى: 2016:  491-503)

بەکارهێنانی ماددەی مێتامفێتامین و کۆکائین دەبنە هۆی ڕووداوی هاتووچۆ و سووتانی ماڵەکان، چونکە بەکارهێنەران لە ژێر کاریگەری ئەم ماددانەدا بێباک و بێئاگا دەبن، ئەم تاوانانە کەمبوونەوەی ئاسایشی گشتی و کاریگەری نەرێنی لەسەر نەوەکانی داهاتوو دروست دەکەن، بەتایبەتی کاتێک منداڵان لە ژینگەی ناپەسەند کە بەهۆی بەکارهێنانی هیرۆیین یان کریستاڵ لەلایەن ئەندامانی خێزان تێکچووە گەورە دەبن.

مادده هۆشبەرەکان، بە تایبەتی کۆکایین زۆرجار دەبنە هۆی زیادبوونی توندوتیژی دژ بە ژنان، بە تایبەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییە خێزانییەکان یان هاوبەشییەکان، کەسێک کە لە ژێر کاریگەری ئەم ماددانەیە، زۆرجار کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدات و دەست بە توندوتیژی جەستەیی یان دەروونی دەکات بەرامبەر هاوسەرەکەی، لێکۆڵینەوەیەک دەریخستووە کە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژاوا، زیاتر لە 40٪ی حاڵەتەکانی توندوتیژی خێزانی دژ بە ژنان لە ژێر کاریگەری مادده هۆشبەرەکان  بووە ، ئەنجام دراون، ئەم جۆرە توندوتیژییە نەک تەنها زیان بە ژنان دەگەیەنێت، بەڵکو کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر منداڵان و پەیوەندییە خێزانییەکانیش دەکات، کە دەشێت ببێتە هۆی لێکترازانی خێزانی  (Maté, 2010, p. 93).

بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگە کەم داهاتەکان زۆرجار دەبێتە هۆی زیادبوونی توندوتیژی، چونکە فشارە ئابووری و کۆمەلایەتییەکان کەسەکان زیاتر ئامادە دەکەن بۆ ڕەفتاری توندوتیژانە، لەم کۆمەڵگەیانە، مادده هۆشبەرەکان وەک ڕێگەیەک بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانی ژیان بەکاردەهێنرێن، بەڵام کاریگەرییە دەروونییەکانیان، وەک نائارامی و پارانۆیا، دەبنە هۆی شەڕەکانی ناوچەیی یان توندوتیژی ناو خێزان، بۆ نموونە لێکۆڵینەوەیەک لە ناوچە کەم داهاتەکانی ئەمریکای لاتین دەریخستووە کە بەکارهێنانی کۆکایین و مێتامفیتامین بە ڕێژەی 60٪ زیادبوونی ڕەفتاری توندوتیژ لە نێو گەنجان دروست دەکات، چونکە ئەم ماددانە کۆنترۆڵی هەڵسووکەوت کەم دەکەنەوە و هەستێکی زۆری شەرانگێزی دروست دەکەن، ئەم دۆخە لە کۆمەڵگە کەم داهاتەکان زیاتر دیارە، چونکە کەمی دەرفەتە ئابوورییەکان کەسەکان زیاتر دەخاتە ژێر فشاری دەروونی(Hari, 2015, p. 102).

هەروەها بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، دەکرێت وای لە بەکارهێنەر بکات کۆنترۆڵی هەڵسووکەوتەکەی لەدەست بدات و ببێتە هۆی دەستدرێژی سێکسی، کەسێک کە لە ژێر کاریگەری کۆکایینە دەکرێت هەوڵبدات دەستدرێژی سێکسی بەسەر کەسێکدا بکات، چونکە ماددەکە وای لێدەکات کۆنترۆڵی هەڵسووکەوتەکەی لەدەست بدات وزەی سکسی بەرز بێت.( محمد عبد الرحمن: 2016: 75) . بەکارهێنانی ماددەیەکی وەک کراک و کۆکایین دەبنە هۆی

زیادبوونی توندوتیژی و هەندێک جار کوشتن، چونکە کاریگەرییەکی بەهێزی چالاکی بەخشیان هەیە و دەکرێت وای لە کەسەکە بکات لە ژێر کاریگەرییەکەیاندا کردەوەی نەشیاو و تاوانکاری بکات.،کەسێک کە لە ژێر کاریگەری کراکە دەکرێت توندوتیژی بەسەر کەسێکدا بکات یان ببێتە هۆی کوشتن بەهۆی نائارامی دەروونی یان پێویستی بە پارە بۆ کڕینی ماددەکە( Volkow, N. D., et al. 2009. p. 8)، لەگەڵ ئەمەشدا بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر تەندروستی دەروونی و جەستەیی کەسەکە دەکەن، کە زۆرجار دەبنە هۆی ڕەفتاری تاوانکاری ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ دەبینێت، بۆ نموونە بەکارهێنانی درێژخایەنی ماددەیەکی وەک مێتامفیتامین دەکرێت تێکچوونی دەروونی وەک شیزۆفرینیا یان پارانۆیا دروست بکات، کە کەسەکە دەخاتە دۆخێکی نائارامەوە کە ئامادەیە کردەی توندوتیژ ئەنجام بدات (کەمال ڕەسوڵ: 2020: 30).

**3 -2 -2-کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر تاوان:-**

کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی مادده هۆشبەرەکان بە ئەنجامدانی تاوان زیاتر پەیوەستن بە گۆڕانکارییە بایۆلۆژی و دەروونییەکان بەهۆی بەکارهێنان ، بەڵام کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکان لە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری کەسەکەوە سەرچاوە دەگرن، ئەم کاریگەرییانە زۆرجار وەک زنجیرەیەک کێشە دروست دەبن کەسەکە دەخەنە ناو چەرخەی تاوانکارییەوە، بۆ نموونە بەکارهێنانی ماددەیەکی وەک هێرۆین یان کراک پێویستی بە پارەی زۆر هەیە و ،کەسەکە دەکرێت بەهۆی کەمی داهات یان لەدەستدانی کار ڕوو بکاتە دزی یان فڕاندن بۆ دابینکردنی پارە (عەزیز بەشار: 2024: 40). لە توێژینەوەیەک کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی ئەنجامدرا ئەوە دەرکەوت کە( ٥٠٪ )لە دزینییەکانی ئینگلتەرا و وێلز لە ساڵی 1993 پەیوەندییان بە مادده بەهۆشبەرەکانەوە هەبووە. (الجابري:: 34) ، هەروەها بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان زۆرجار لە کارەکانیان دەردەکرێن بەهۆی نەهاتنە سەرکار یان کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان، ئەمەش دەبێتە هۆی لێکترازانی خێزانی و کێشەی ئابووری زیاتر کەسەکە دەخاتە ژێر فشار بۆ ئەنجامدانی تاوان بەتایبەت تاوانی دزی (نەجات محەمەد: 2022: 60). لە لایەکی دیکەوە، پەیوەندییەکانی بەکارهێنەران لەگەڵ بازاڕی ڕەش و گرووپە تاوانکارییەکان دەکرێت کەسەکە بکاتە ئەندامی گرووپێکی تاوانکاری یان ناچار بکات مادده هۆشبەرەکان بفرۆشێت بە مەبەستی بەدەست هێنانی ماددەی هۆشبەر، کە ئەمەش ئەگەری ڕەفتاری تاوانکاری زیاد دەکات (سەرکەوت حسێن: 2019: 10).

هەروەها زیادبوونی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان وەک هیرۆیین دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی کۆمەڵگە بە کەمبوونەوەی متمانەی کۆمەڵایەتی و زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها دەبێتە هۆی زیادبوونی تاوانەکانی لەشفرۆشی، کە زیان بە ئەخلاقی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، بەتایبەتی لە کەسانی پەیوەستبوو بە کریستاڵ یان هیرۆیین. (مدان، محمد: 2013: 40-33)

بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر دروست دەکات ،کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ڕەفتاری تاوانکارییەوە هەیە، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان لەدەستدانی کارە، کە کەسانی بەکار هێنەرو ئالوودەی مادده هۆشبەرەکان ناتوانن ئەرکەکانیان بە باشی جێبەجێ بکەن و زوو زوو لە کار دەردەکرێن (گۆران عوسمان: 2016: 70). ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی داهات و چوونە ناو چەرخەی تاوانەکان وەک دزی یان فڕاندن،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەتوێژینەوەیەکی میتا-شیکاری لەسەر پەیوەندی گشتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بە ئەنجامدانی تاوان کەلەلایەن دوو توێژەری زۆر بەناوبانگ بە ناوەکانی (روتەر و ماککاون) لە ساڵی 2018 ئەنجامدرا، کە کۆکراوەی (50) توێژینەوە ی نێودەوڵەتیە لە سەرانسەری جیهان ئەنجامەکان دەریانخستووە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان رێژەی ئەگەری ئەنجامدانی تاوانی موڵکی (دزیئی) زیاد دەکات بە نزیکەیی 2-3 هێندە زیاتر. هەروەها بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییە خێزانییەکان، چونکە کەسانی وابەستە زۆرجار توندوتیژی بەرامبەر هاوسەرەکانیان یان منداڵەکانیان ئەنجام دەدەن، کە ئەمەش کێشەی دەروونی بۆ ئەندامانی خێزان دروست دەکات (شیلان عەلی: 2015: 45).

کرداری بەدرەوشتی و نائاکاری یەکیکی ترە لە رەفتارە تاوانکارییانەی کە زۆر جار کە بەهۆی بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر دروست دەبێت ،وزۆرجار لە لایەن کەسانی بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکانەوە ئەنجام دەدرێت، بە تایبەتی ئافرەتان ، کە بەهۆی پێویستی بە پارە ناچار دەبن روو بکەنە لەشفرۆشتنی ، ئەم کردەیە نەک تەنها مەترسی تەندروستی دروست دەکات، بەڵکو کێشەی کۆمەڵایەتی وەک لەدەستدانی رێز و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت. (محمد عبد العزیز:2015: 80). ماددەیەکی وەک هێرۆین دەبێتە هۆی وابەستەبوونی جەستەیی و دەروونی، کە کەسەکە بەردەوام لە ژێر فشاری پێویستی بە ماددەکەدا دەبێت، کە ئەمەش دەکرێت وای لێ بکات روو بکاتە تاوان بۆ دابینکردنی ماددەکە (نەجات محەمەد: 2022: 75). لە رووی تەندروستیشەوە، بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوەکان، بە تایبەتی لە کەسانێک کە کاری بەدرەوشتی دەکەن یان دەرزی هاوبەش بەکاردەهێنن، کە ئەمەش کێشەی تەندروستی کۆمەڵایەتی ترسناک دروست دەکات (فاطمة السید محمد:2014: 65).

بۆیە دەکرێت ئاماژە بەهەندێ لەو راپۆرت وتوێژینەوانە بدەین کە دەرخەری ئەو راستیەن پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەرو رەفتاری تاوانکاری هەیە ،ئەمەش بە هۆی ئەو کارییکەرییە بەهێزەی مادده هۆشبەرەکان لەسەر بەکارهێنەر.

عبدلرحمان حەماد لە لێکۆلینەوەکەیدا ئاماژەی بە پەیوەندی بەکارهێنانی حشیش و رەفتارە تاوانکارییەکان کردووە، کەپەیوەندیەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە ئەنجامەکان دەریانخستووە ( 86٪ ) تاوانی دەستدرێژی سێکسی رێژەی (58٪ )تاوانی هێرشکردنەسەر ئازادی تاکەکەسی (23.7٪) تاوانی کوشتنی بەئەنقەست (24.3٪ )تاوانی دزیان ئەنجامداوە لەژێر کاریگەری بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەری حەشیشن( 56.7٪) ئەو کەسانەی تاوانەکانیان ئەنجام داوە چەند کاتژمێرێک پێش ئەنجامدانی تاوانەکە ماددەی هۆشبەریان بەکارهێناوە، توێژەر دەڵیت ئەم تاوانانە تەنها لە میسردا نین ، بەڵکو لەزۆر شوێنی تر هەن .

هەروەها بەگوێرەی توێژینەوەیەکی مەیدانی کە لە شاری السلام لەلایەن ئەحمەدئەبدولموجود شیناوی ئەنجام دراوە( 84،7٪)تاوانی دزی بەزۆر(76.5٪)جنێودان (56،5 ٪ )لیدان (53،5٪) بازرگانی ماددەی هۆشبەر(51،8٪) لەشفرۆشی (48،8 )دزین (44،7٪ )کوشتن (35،9 ٪ )دەستدرێژی سێکسی (22،4)گیرفان برین بەهۆی کاریگەری ماددەی هۆشبەر ئەنجامداوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ پشتراست دەکاتەوە کەوا پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ورەفتارە تاوانکارییەکان هەیە.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پەیوەندی نێوان جۆری مادده هۆشبەرەکان و جۆری تاوان کە لە توێژینەوەیەکی تر ،کە لەلایەن (بانێت)لە سالی 2019 لە شانشینی یەکگرتوو ئەنجامدرابوو توێژینەوەکە دەریخستووە کە پەیوەندی بەکارهێنانی هیرۆین و کۆکاین بەهێزترین پەیوەندییە لەگەڵ تاوانەکانی دزینی موڵکیدا، نزیکەی 45٪ی ئەو کەسانەی کە ئەم ماددانەیان بەکارهێناوە، ڕاپۆرتیان داوە کە لە ماوەی 12 مانگی پێشوودا دزینیان کردووە بۆ دەستکەوتنی پارە.

## 4-لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە

### ٤- ١ میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەدا میتۆدی شیکاری ،بە شێوازی شیکاری بابەت بۆ مەبەستی شرۆڤەکردنی داتاکان بەکار دەهێنرێت ،دواتر بۆ دروستکردنی بابەت ، یا تەوەرە ، لەو داتایانەی ، کە زانیارییەکانی توێژینەوەکە پوختکرا ونەتەوە بەکار دیت ، لێرەدا بەشێوەیەکی چڕوپڕ روونیدەکەینەوە ،مامەلە لەگەڵ کۆمەلێک بابەتی جیاوازدا لە میانەی شیکردنەوەیاندا دەکەن (جبار، ٢٠١٩: ٨٣ ).

ئەم توێژینەوە چۆنایەتیە لەسەر ( پەیوەندی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بە ئەنجامدانی رەفتاری تاوانکاری ) رێگای شیکاری بابەتی گرتۆتەبەر بۆ رێکخستن و شیکاری داتاکانی وخستنە رووی ئەنجامەکان.

میتۆدی شیکاری کە لەلایەن توێژەران (براون وکلارک ،٢٠١٢ ) ناسێنراو ، پێناسەی دەکەن ، کە رێگایەکی دروست وگونجاو بۆ شیکاری داتایی توێژینەوە چۆنایەتییەکان ، وەک دەروازەیەک بۆ دیاریکردن ورێکخستن و پێشکەشکردنی تێروانینێکی قوڵ ، بۆ شێوە و مانای کۆمەلێک داتا وکۆکردنەوەیان لە چەند واتایەکدا ، ئەم میتۆدە رێگە بە توێژەر دەدات لە ماناو داتاوزانیارییەکان تێبگات و ،دواتر بتوانێت داتاو زانیارییەکان لەچەند مانایەکدا کورتبکاتەوە وبگاتە شیکارو ئەنجام بۆ توێژینەوەکە (رؤوف :٢٠٢٣: ٩٦).

### ٤- ٢ کۆمەڵگای توێژینەوە:

دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە ،یەکێکیە لە پێویستییە گرنگەکانی هەر توێژینەوەیەکی مەیدانی و، ئەو کۆمەڵگەیە دەبێتە ئامانجی توێژینەوەکە.

لە کۆمەڵناسیدا بە هەموو ئەوانەی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە دەگوترێت کۆمەڵگەی توێژینەوە ،یان کۆمەڵگەی ئامانج یاخود کۆمەڵگەی ژێدەر .لە توێژینەوەدا پێویستە ئەم کۆمەڵگەیە دیاریبکرێت ،واتە ئەو چوارچێوەیەی نموونەی توێژینەوەکەی لێوەردەگیرێت پێناسە بکرێت . یاخوود کۆمەڵگای توێژینەوە بریتیە لەو کۆمەڵگەیەی بڕیارە توێژەر توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامبدات ، واتە تەواوی یەکەکانی ئەو دیاردەیە ، کە توێژەر بەنیازە توێژینەوەی لەسەر بکات (عبیداخرون،٢٠٠٥: ٩٩). یان ئەو کۆمەڵە کەسەیە یا ن یەکەیە ،کە بابەتی توێژینەوە پێکدەهێنن و ،بەڵای کەم چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە (العطوى، ٢٠٠٧: ٨٥ ) .

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتیە لە ( بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/پیاوان ، چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان ، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی گشتی لە شاری هەولێر ).

**4- 3 قەبارەی نموونە و شێوازی نموونەوەرگرتن:**

لەم توێژینەوەیەدا نموونەی مەبەستدارمان بەکار هێناوە،کە جۆریکە لە نموونەی نائەگەری ،هەڵی یەکسان لەبەردەم تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەدا نیە ، تا لە نموونەی توێنەوەکەدا ببنە ئەندام . لە نموونەی مەبەستداریش توێژەر لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی نموونەیەک هەڵدەبژێرێت ، بەمەرجێک کە گشت جەسڵەتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لە خۆ بگرێت ، لێرەدا توێژەر ڕۆڵی هەیە لە هەڵبژاردنی تاکەکانی نموونەکە (ئەبراش،٢٠١٣: ٣٩٣).

ئامانج لە وەرگرتنی نموونە ئەنجامدەری تاوان لە بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان ، بۆ ئەوەی لە خەسڵەت وتایبەتمەندییەکانیان تێبگەیین ، هەر بۆیە (٢٣) تاوانباری بەکارهێنەری ماددە هۆشبەر وەرگرتووە کە لە جۆری تاوان و بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەری ڕەگەزو تەمەنی کەسایەتی تایبەتمەندو جەستەتی جیاوازن ، دیاریکردنی ئەو ژمارەیەش لەسەر بنەمای تێر بوونی زانیاریەکان بوون.

سەبارەت تەمەنت (٢٢) تاوانباری بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر لەسەروی تەمەنی (١٨) سالیدا بوون، تەنیا یەک تاوانباری مێر مندال بوو لەخوار تەمەنی (١٨) سالی بوو، پەیوەست بەرەگەز (١٧) تاوانبار ڕەگەزیان نێربوو ، تەنیا (٦) تاوانبار ڕەگەزیان مێ بوو، بۆیە هەوڵماندا نموونەک هەڵبژێرین تا شێوازی پەیوەندی لە نێوان ئەنجامدانی تاوان بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرئاشکرا بکەین.

**٤-٤-خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی نموونەی توێژینەوەکە:**

شیکردنەوەی خەسڵەتە دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتییەکان بەردی بناغەی هەر توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژییە، چونکە ئەم گۆڕاوانە وێنەیەکی ڕوونمان پێدەدەن دەربارەی ئەو ژینگەیەی کە تاکەکەس تێیدا گەشە دەکات و ڕووبەڕووی فشارەکان دەبێتەوە. لێرەدا شیکاریی بۆ (٢٣) لێتوێژراو دەکەین تاوەکو پەیوەندی نێوان پاشخانی ژیانیان و تێوەگلانیان لە ئالوودەبوون و ئەنجامدانی تاوان دەستنیشان بکەین.

**4- 5 ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

ئەو ئامرازانەی لە میتۆدی چۆنایەتییدا بەکاردەهێنرێن، بریتیین لە چاوپێکەوتن، تێبینیکردن، بەشداریکردن و، فۆکس گروپ(رسول،2024: 3). ئامرازی سەرەکیی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەویە بریتییە لە چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراوSemi-structured Interview) ، ڕێبەرێکی چاوپێکەوتن ئامادەکرا و دواتر چاوپێکەوتنەکان بە ڕەزامەندیی لێتوێژراوان تۆمار کراون و بە وردی نووسراونەتەوە بۆ شیکردنەوە خراونەتەڕوو.

**5- خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان**

دوای کۆکردنەوە و نووسینەوەی وردی چاوپێکەوتنەکان، شیکارییەکی قووڵی بابەتی بۆ زانیارییەکان ئەنجامدرا، لە ئەنجامدا چەندین بابەتی سەرەکیی مانادار دەرکەوتن، کە تیشک

دەخەنە سەر شێوازی پەیوەندیی نێوان لەکە و گەڕانەوە بۆ تاوان. لێرەدا خستنەڕوو و شیکاری بۆ چەند بابەتێکی دیاریکراو بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو، لەگەڵ تیشکخستنە سەر وەڵامە جیاوازەکانی لێتوێژراوان، ئەوەی جیگەی ئاماژە پێدانە ئەوەیە، لەبەرئەوەی (٢٣) چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە، لە بەشێکی زۆری وەڵامی لێتوێژراوان هاوواتان یان نزیکن لە یەکتر، بۆیە توێژەر لە کاتی خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان هەوڵیداوە یەک یان دوو دەق یان زیاتر، بۆ هەموو ئەو وەڵامانە بەکاربهێنێت، کە لە ڕووی ماناوە زۆر نزیکن لە یەکتر و هاواتان، ئەمەش لە توێژینەوە ئەکادیمییەکان ڕێگە پێدراوە.

**١-ڕەگەز(Gender):**

ڕەگەز وەک فاکتەرێکی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی (بایۆ-سۆشیال) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیاریکردنی شێوازی بەرکەوتنی تاک بە مادده هۆشبەرەکان و جۆری ئەو تاوانانەی ئەنجامی دەدەن. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە هەردوو ڕەگەز لەبەرچاو بگیرێن بۆ تێگەیشتن لە گشتگیریی دیاردەکە، وەکو دەبینین (ڕەگەزی نێر) زۆرینەی هەرە زۆری نموونەکە پێکدەهێنن کە لە(١٧) لێتوێژراوبوون، بەڵام (ڕەگەزی مێ) بریتییبوون لە (٦) لێتوێژراو.

زۆرینەی ڕەگەزی نێر نیشانەی ئەوەیە کە پیاوان زیاتر لە ژینگەی دەرەوە و گرووپە لادەرەکان و هاوڕێ خراپ نێزیکن. بەڵام هەبوونی ئافرەتان ،کە زۆربەیان لەناو "چوارچێوەی خێزاندا" و لە ڕێگەی هاوسەر یان خزمەوە تووش بوون، نیشانەی بڵاوبوونەوەی مەترسیداری ماددەکەیە بۆ ناو ناوکی خێزانەکان.

**٢-تەمەنی کاتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرو و تەمەنی تاوانکردن:**

**ا-تەمەنی لێتوێژراوان کاتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر:-**

تەمەن یەکێکە لە گرنگترین گۆڕاوەکان بۆ زانینی کاتی کەوتنی تاکەکان بۆ ناو لادان و تاوان. زۆرجار قۆناغی هەرزەکاری بەهۆی ناسەقامگیری دەروونی و کاریگەری گرووپی هاوڕێیانەوە، بە مەترسیدارترین قۆناغ دادەنرێت بۆ دەستپێکردنی ماددەی هۆشبەر. تەمەنی دەستپێکردنی زوو (١٣-١٥ ساڵی): ژمارەیان (٥) لێتوێژراو تۆمارکراوە کە هێشتا لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بوون. تەمەنی هەرزەکاری (١٦-١٨ ساڵی): بەهەمانشێوە (٥) لێتوێژراوە . تەمەنی گەنجی (١٩-٢١ ساڵی): (٤) لێتوێژرامان هەیە . تەمەنی (٢٢-٢٤ ساڵی) ژمارەی(٢) لیتوێژراومان هەیەو (٢٥-٢٧ سالی) (٣) تۆمارکراوە و(٢٧-بەسەرەوە سالی) ژمارەی لێتوێژاوامان (٤) کەس تۆمارکراوە .

**ب-تەمەنی لێتوێژراوان لەکاتی ئەنجامدانی تاوان:-**

بەهەمان شێوەیە خستنەڕوو ی تەمەنی لێتوێژراوانتان بۆ دەخەینە ڕوو لە (١٦-سالی١٨) تەنها یەک لێتوێژراو بووە ، لە (١٩-٢١سالی ) سێ لێتوێژراومان هەبووە ، لە ( ٢٢-٢٤سالی ) شەش کەیسمان هەیە کە یەمەیان زۆرتین لێتوێژراو تۆمار کراوە ، (٢٥-٢٧ سالی )سێ لێتوێژراو تۆمارکراوە ، (٢٨- ٣٠ سالی ) سێ لێتوێژراوتومارکراوە ، (٣١-٣٣ سالی ) تۆمارکراوە ، (٣٤- ٣٦ سالی ) دوو لێتوێراو تۆمارکراوە، (٣٧-بەسەرەوە ) سێ کەس تۆمارکراوە.

لە ئەنجامی خستنە ڕووی تەمەنی لێتوێژراوان دەردەکەوێت ژمارەی (٩) لێتوێژراو لەتەمەنی زوو و هەستیار لە قۆناغی مێرمندالی وهەرزەکاریدا تووشی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرە بوون ،

هەروەها ژمارەی هەرە زۆری لێتوێژراوان لە قۆناغی گەنجی دەستیان بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر کردووە ، ئەمەش مەترسیداری ئەو تەمەنانە ، هەستیاری مامەڵە کردن لەگەڵیان دەردەخات ، چ سەبارەت بە چاودێری و بایەخدان ، چ سەبارەت بە دابینکردنی پێداویستیە ماددی ومەعنەوییەکان لەلایەن خێزان و کۆمەڵگا .

هەروەها دەستپێکردنی ماددەی هۆشبەر لای زۆربەی لێتوێژراوان لە تەمەنی خوار (١٨) ساڵی، دەریدەخات کە پرۆسەی "بەکۆمەڵایەتیبوون (Socialization) "لەم کەیسانەدا تووشی پەککەوتن بووە. گۆڕانی تەمەن بۆ (٢٠)ەکان و (٣٠)ەکان لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا، نیشانەی ئەوەیە کە ئالوودەبوونی درێژخایەن تاک دەگەیەنێتە بنبەستی ئابووری و ناچاری دەکات بۆ دابینکردنی ماددەکە تاوان بکات.

### ٣-باری کۆمەڵایەتی و سەقامگیری خێزانی

خێزان وەک سەرەکیترین دامەزراوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کار دەکات. باری کۆمەڵایەتی لێتوێژراوان دەتوانێت ڕوونکردنەوە بدات کە ئایا "نەبوونی پشتگیری خێزانی" یان "لێکترازانی خێزانی" تا چەند هۆکار بووە بە تووشبوون بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەروئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری .

بۆیە ئەگەر سەیری نموونەی توێژینەوەکە بکەین، دەبینین، زۆرینەی لێتوێژراو (خێزاندارن) و بریتییە لە (٩) لێتوێژراو ، هەروەها ژمارەی (سەڵت) (٥) لێتوێژراوبوون ، بەڵام جیابووەوە (تەڵاق) بریتیی بووە لە (٤) لێتوێژراو، هەروەها هاوسەر مردوو (تاک مردوو): بریتیبووە لە (٤) لێتوێژراو کە دووانیان پیاوەکانیان لەدەستداوە، هەروەها دەستگیراندار بریتیبوە لە (١) لێتوێژراو .

لێرەدا دەردەکەوێت (١٥) کەیس لە دەرەوەی بازنەی خێزانی جێگیرن، ئەوانیش (سەڵت، جیابووەوە، هاوسەر مردوو)، نیشانەی ئەوەیە کە "نامۆبوونی کۆمەڵایەتی" و نەبوونی بەرپرسیارێتی بەرامبەر هاوسەر، ڕێگەی لادانی خۆش کردووە. لە لایەکی تریشەوە، جیابوونەوەی کەیسەکانی وەک (A2, A13, A19) دوای ئالوودەبوون، دەریدەخات کە ماددەکە خۆی هۆکاری تێکدانی شیرازەی خێزانە.

لە ئەنجامی خستنە ڕووی زانیارییەکان ، دەردەکەوێت زۆربەی لێتوێژراوان کە ژمارەیان (١٣) لێتوێژراو ؛ لە دۆخی دەرەوەی هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی خێزان بوونە ،کاتێک تاوانیان بە هۆی ماددەی هۆشبەر ئەنجامداوە، ئەوانیش (سەڵت وجیابووە و هاوسەر مردوو) بوون ،بەڵام ژمارەی زۆری لێتوێژراوان کاتی ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری و بەکارهێنی ماددەی هۆشبەر خێزانداربوونە ، ئەمەش دونێکی تری پالەۆستۆی ژیانی خێزانی بەتایبەت لەڕووی مادی نیشان دەدات و کاریگەری لەسەر توشبوون

### ٤ -ژمارەی منداڵ و فشاری ئابووری

لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە، ژمارەی منداڵ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئەرکە داراییەکانەوە هەیە، بە تایبەت هەبوونی منداڵی زۆر لای کەسێکی ئالوودەبوو فشارەکان لەسەر ژایان دوو هێندە دەکات و، زۆرجار منداڵ دەبێتە قوربانی یەکەمی ئەم دۆخە، لەخستنە ڕووی زانیارییرکانی چاوپێکەوتن دەردەکەوێت(٩) لێتوێژراو ژمارەی (بێ منداڵن) بوونە ،بەڵام خاوەن منداڵ (١ بۆ

٤ منداڵ) بریتییە لە (١٠) لێتوێژراو ، هەروەها خاوەن منداڵی زیاتر (٥ بۆ ٨ منداڵ) بریتییە لە(٢) لێتوێژراو.

هەبوونی منداڵ لای (١٤) لێتوێژراو نەبووەتە ڕێگر لە تاوان و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، بەڵکو وەک لە وەڵامەکاندا دیارە، فشارە ئابوورییەکان ، بەتایبەت وەک لای A9 کە (٨) منداڵی هەیبوو بەرەو دزی تاوانی بازرگانی کردنبە مادده هۆشبەرەکان پاڵ ناوە، ئەمە دەریدەخات کە ئارەزووی دەستکەوتنی ماددی بەهێزتر بووە لە هەستی بەرپرسیارێتی باوکایەتی یان دایکایەتی.

**٥ -ئاستی خوێندن:**

ئاستی خوێندن وەک "سەرمایەی کلتووری" تاک سەیر دەکرێت. نزمی ئاستی خوێندن واتا نەبوونی ئامرازی پێویست بۆ گەیشتن بە کار و پێگەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕەوا ، کە ئەمەش تاک بەرەو ڕێگە نایاساییەکان دەبات لە ئەنجامی خستنەڕووی زانیارییەکان دەردەکەوێت ژمارەی(١١ )لێتوێژراو ئاستی خوێندنیان سەرەتایی بووە ، هەروەها ناوەندی بریتییە لە (٧) لێتوێژراو بووە، بەڵام نەخوێندەوار بریتییە لە (٣) لێتوێژراو بووە، هەروەها ئامادەیی تەنها (٢) لێتوێژراوە .

لە ئەنجامدا دەردەکەوێت ژمارەی هەرە زۆری لێتوێژراوان ئاستی خوێندەوارییان لە قۆناغی سەرەتایی تێناپەڕێت،جگە لەوەش کە ژمارەکیشیان نەخوێندەوار بوونە ئەمەش ئەوە دەیسەلمێنێت کە ئالوودەبوون و تاوانکردن پەیوەندی بە نزمی ئاستی نەخوێندواری هەیە، ئەم لێتوێژراوانە بەهۆی نەبوونی بڕوانامەی بەرز لە بازاڕی کاردا وەزیفەو پێگەدا پەراوێز خراون و ئاسانتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر وتووشی تاوان بوونە.

**٦-شوێنی نشتەجێبوون و جۆری گەڕەک:**

جوگرافیای نیشتەجێبوون کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر جۆری ئەو کلتوورە لادەرەی کە تاک بەرکەوتنی لەگەڵی دەبێت. ناوچە قەرەباڵغەکانی ناو شار و گەڕەکە میللییەکان ژینگەیەکی گونجاوترن بۆ بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان ورەفتاری تاوانکاری وەکو دەبینین زۆرینەی نموونەکە شوێنی نشتەجێبوونیان دەکەوێتە سەنتەری شار (١٥) لێتوێژراوە ، هەروەها قەزا و ناحیە بریتییە لە (٦) لێتوێژراو ، بەڵام دانیشتوی گوند: تەنها (٢) لێتوێژراوبوو.

سەبارەت بۆ جۆری گەڕەک ،دەردەکەوێت (١٥) لێتوێژراو لە گەڕەکی مامناوەند نیشتەجێن، هەروەها (٦) لێتوێژراو لە گەڕەکی میللی و هەژارنشین نشتەجێن ، و تەنها (٢) لێتوێژراو لە گەڕەکی دەوڵەمەندن نیشتەجێن. چڕبوونەوەی لێتوێژراوان لە "سەنتەری شار" و گەڕەکە "مامناوەند و میللییەکان" ئاماژەیە بۆ ئەستەمی ژیان لە شار و خراپی دۆخی دارایی لێتوێژراوان و لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شار بەراورد بە گوند ڕێگەی بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و ئەنجامدانی تاوان خۆش کردووە. لەم ناوچانەدا، دەستگەیشتن بە مادده و تێکەڵبوون بە گرووپی لادەر زۆر خێراتر و ئاسانترە.

لەکۆتاییدا، بەپێی شیکاریی سەرجەم خەسڵەتە دیمۆگرافییەکان، وا دەردەکەوێت کە لێتوێژراوان پێش ئەوەی ببنە "تاوانبار"، قوربانیی پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی بوون، لە (تەمەنی هەرزەکاری لێتوێژراوان ، نزمی ئاستی خوێندن، و لێکترازانی بەهۆی جیابوونەوە و هاوسەر مردوو ) ژینگەیەکی "ئەنۆمی" (بێ پێوەری) دروست کردووە، کە تێیدا لێتوێژراوان ئومێدیان بە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ڕێگە ڕەواکان نەماوە بۆ سەرکەوتن لە ژیان ، بۆیە ماددەی هۆشبەری وەک پەناگەیەک و تاوانی وەک سەرچاوەیەکی ماددی بەکار هێناوە. ئەم زانیارییانە دەیسەلمێنن کە چارەسەری تاوان لای ئەم کەسانە تەنها ئەمنی نییە، بەڵکو پێویستی بە چاکسازییەکی قووڵی پەروەردەیی و خێزانی هەیە.

**5- 1 ئاشکراکردنی ماددەی هۆشبەری بەکارهێنراو لە ئەنجامدانی تاوان:**

ئەم بڕگەیە تایبەتە بە ڕۆڵی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەسەر ئەنجام دانی ڕەفتارە تاوانکارییەکان، بۆیە دەمانەوێت وەڵامی لێتوێژراوان بخەینە ڕوو تا چەند ماددە هۆشبەرەکان ڕۆڵ یان هاندەرن بۆ لادان و ڕەفتارە تاوانکارییەکان، کە بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ چوونەکانیان نیشان دەدەین:

بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر چ ڕۆڵێکی بینی لە هاندانت بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاریی؟

لێتوێژراوی A1 دەڵێت ( ئەدی ڕۆڵی دەبێت ، چونکە کاتێک موادت نامێنێت پەنا بۆ هەر شتێک دەبەیت بۆ پەیدا کردنی ،جاروایە پارەت ڵانیە ئامادەی هەرکارێک بکەی بەس دەرمانت پێبدەن یان دزی دەکەیت لەماڵەوە یان لەدەرەوە یان کەلوپەلی ماڵەوە دەفرپشیت ، یان هەرکارێکی خراپ من یەکێک دەناسم نێربازی لەگەڵ کورێک کرد لەبەرامبەر پێدانی دەرمان یان ئافرەت هەیە ئامادەیە لەشفرۆشیت لەگەل بکات بەس موادی بدەیتێ ). دیاردەی کاڵابوونی مرۆڤ و نامۆبوونە. لێرەدا ئاڵوگۆڕی کەرامەت ڕوودەدات؛ ، بەپێی تیۆری دارمانی بەهاکان، تاک دەکەوێتە دۆخێکی ئەنۆمی کە تیایدا نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان هیچ کۆنترۆڵێکیان نامێنێت و تاک تەنها ملکەچی غەریزەی بایۆلۆجی دەبێت بۆ مانەوە و ماددە، واتا جەستەی مرۆڤ و پیرۆزییەکانی خێزان (وەک شەرەف و پاراستنی ماڵ) دەبنە دراوێکی هەرزان بۆ کڕینی ماددە

لیتوێژراوی A2دەڵێت ( بەڵێ ڕۆڵێکی زۆری هەیە بۆ نمونە من خۆم توشی دزی هاتووم و شەڕو ئاژاوەم کردووە هەوەها زەرەرم لە خەلک داوە ، هەروەها هانت دەدات شەڕ بەخەڵک بفرۆشت ودەتکاتە کەسێکی سەرەڕۆ وشەلاتی ). بەکارهێنانی ماددە ی هۆشبەر، ڕەهەندێکی تاوانناسیی کرداری نیشان دەدات، کە تێیدا بەکارهێنەر نەک تەنها بۆ دەستکەوتنی ماددە تاوان دەکات، بەڵکو خودی ماددەکە کەسایەتییەکی شەڕانگێز و سەرەڕۆ لای دروست دەکات.

لیتوێژراویA3 دەڵێت : (بەڵێ ڕۆڵی هەیە لە هاندانت بۆ زۆر ڕەفتار لەوانە دزی لە ماڵی خۆت یان خەلک یان شەر فرۆشتن بە خەلک یان درۆ کردن لەگەڵ ماڵەوە و هەر کەسێک یان هەندێک جار ئەوەندە عەسەبی دەبیت بە کەمترین ووشە هەڵدەچیت بەرەو ڕووی خەلک دەبیتەوە ) بەکارهێنەر نوێنەرایەتی دارمانی تەواوەتی سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەکات لەناو خێزاندا، گۆڕینی ماڵ لە پەناگەیەکی ئارامەوە بۆ سەرچاوەی دابینکردنی تێچووی ماددە و بەکارهێنانی درۆ وەک میکانیزمێکی مانەوە، دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی تۆڕی متمانە و دروستبوونی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی بەکارهێنەر چیتر خۆی بە بەشێک لە گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان نازانێت.

لێتوێژراوی A4 A5 دەڵێن:( کاتێ دەرمانت پێنامێنێت توندوتیژ دەبیت بەرامبەر هەر کەسێک خزم بێت جیران یان ماڵەوەت ، هەروەها خۆت بە هەموو شتێک دەزانی من وامدەزانی

سەرۆک وەزیرانم و هەر خۆم پێڕاست بوو وحیسابم بۆ کەس نەدەکرد). بەکارهێنەرتووشی دابڕانی ڕادیکاڵانە بووە لە واقیع بۆیە هەوڵ دەدات بۆشاییە کۆمەڵایەتییەکانی بە دروستکردنی جیهانێکی جێگرەوە پڕ بکاتەوە؛ جیهانێک کە تێیدا خۆی سەنتەرە و دەسەڵاتی ڕەهای هەیە، ئەمەش میکانیزمێکی بەرگرییە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو پەراوێزخستن و بێدەسەڵاتییەی لە ژیانی ڕاستەقینەدا هەیەتی، بۆیە ڕۆڵی خۆی وەک سەرۆک وەزیران دەبینێت تا خۆی لە بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکان بدزێتەوە.

لێتوێژراویA6 دەڵێت:( بەڵێ ڕۆڵ دەبینێت ،چونکە من گەر بەکارهێنەر نەبوومایە دواتر نەدەبوومە بازرگان و ڕقم لەخەلکێک نەدەبووە و توڕە نەدەبووم ،تەنانەت جارێکیان هاوڕێیەکم بێزاری کردم کاسکێکی جگەرەم بەسەریدا کێشا) ، تاک لە پێگەی بەکارهێنەرەوە کە ڕۆڵێکی پاسیف و خۆ-وێرانکەرە، دەگۆڕێت بۆ بازرگان کە ڕۆڵێکی ئەکتیف و زیانبەخشە لە سیستەمی ئابووریی نایاساییدا وێنای هەڵکشانی پیشەییە لە تاواندا ، ئەم گۆڕانە لە شوناسدا وا دەکات توندوتیژی ببێتە بەشێک لە میکانیزمی مانەوە و سەپاندنی دەسەڵات، کە تەنانەت پەیوەندییەکان (وەک هاوڕێیەتی) دەکاتە قوربانیی هەڵچوونەکان.

لێتوێژراوی A7 دەڵێت:(ئەدی کو وەت لێدەکا بیر لە چ تشتی تر نەکەیتەوە هانت دەدا هەر شتێک بەمێشکت دابێت ئەوشتە بکەیت جا هەر فکرێک بێت تاوان بیت تاوان نەبیت ). لێرەدا ڕۆڵی ترسناک و کاریگەرییە توندەکانی مادده هۆشبەرەکان (بە تایبەت کریستاڵ یان هاوشێوەکانی) لەسەر مێشکی مرۆڤ دەردەخات، کە تێیدا بەکارهێنەر توانای کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی نەماوە و ئامادەیە هەموو جۆرە تاوانێک ئەنجام بدات بەبێ بیرکردنەوە.

لێتوێژراوی (A8 وA11 ) دەڵێن:(ئەدی کوو ئەگەر ئەمن موادم نەکێشاباو نەبومایە کەسێکی خوماری وهۆگری مواد ناچار نەدەبووم بچم دزی بکەم ،یان بێهەست بیت بەرامبەر منالەکەت ). ڕۆلی بەکارهێنانی ماددەکە وێنەیەکی ڕوونی هەڵوەشانەوەی خێزان نیشان دەدات، کاتێک باوان لەجیاتی پارێزەر، دەبێتە سەرچاوەی مەترسی یان کەسێکی ئامادەنەبوو، کە بۆشاییەکی پەروەردەیی گەورە دروست دەکات، ئەمەش نەوەی داهاتوو تووشی شۆکی دەروونی و بێبەشبوون لە چاودێری دەکات، کە زۆرجار سوڕی هەژاری و تاوانکاری لە نێو ئەو خێزانانەدا نوێ دەکاتەوە.

لیتوێژراویA9 دەڵێت:( بەر لەوەی ببمە بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر کەسێکی هێمن بووم ئاسایی هەڵسوکەوتم دەکرد ،بەلام کە بوویە مواد خۆر دەبیە کەسێکی سەر شێتانە هەندێ جار شەخسیاتی خۆت لەدەست نامێنێ لەدەستی دەدەیت پەنا بۆ هەر شتێک دەبەی هانت دەدا برۆ ئەو ئیشەی بکە ،یان توندوتیژ دەبیت بەرامبەر بە مندالەکانت یان هەر کەسێت گەر کەسەکە نەسیحەتیشت بکات) . ماددەی هۆشبەر بووەتە هۆی تێکشکانی چەمکی خود و دروستکردنی ناسنامەیەکی ساختەی شەڕەنگێز، ئەم گۆڕانە ئاماژەیە بۆ تێکچوونی فەرمانەکانی توێکڵی پێشەوەی مێشک کە بەرپرسە لە کۆنترۆڵی هەڵچوون و بڕیاردان، کاتێک ئەم ناوچەیە لە کار دەکەوێت، سیستەمی (ناوەندی سۆز و تووڕەیی) باڵادەست دەبێت، بۆیە کەسەکە ناتوانێت پاڵنەرە توندوتیژەکانی ڕابگرێت و دەبێتە کەسێکی ئیمپاڵسیف.

لیتوێژراویA10 دەڵێت:( ئەمن کە ماددەکەم بەکار دەهێنا جەوێکی خۆشم وەردەگرت هەرچی پێم خۆشبایە دەمکرد هانت دەدات و ترست لە هیچ شتێک نابێت ،یان کاتێک دەرمانت نەما پەنا دەبەیتە بەر هەر شتێک بۆ نموونە دەرمانەکە وایکرد بچم دزی بکەم یان شەڕو توندوتیژی ئەنجام بدەم ). ڕۆڵی ماددەکە بۆتە هۆی دارِمانی پەیکەری بەهاکان؛ کاتێک چێژێکی کاتی دەبێتە جێگرەوەی هەموو پیرۆزییەکی خێزانی و کۆمەڵایەتی، بەکارهێنەر دەکەوێتە نێو خولگەیەکی داخراوی چێژ و بێزاری، کە تێیدا تاوانکردن لە هەڵبژاردنەوە دەگۆڕێت بۆ تاوانی ناچاری و میکانیزمێک بۆ مانەوە، بەمەش گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان بە تەواوی هەڵدەوەشێنەوە.

لیتوێژراویA12 دەڵێت:( بەڵێ وا دەکات هانت بدات بۆ ئەوەی پەنا ببەیتە هەر کارێک جا تاوان بیت یان نا ) ، ڕۆل وهێزی ماددەکەی بەسەر ئیرادەیدا زاڵ بەکارهێنەر بووە، بە جۆرێک کە ئامادەیە هەموو سنوورێکی یاسایی و ئاکاری ببەزێنێت تەنها بۆ بەدەستهێنانی ماددەکە.لیتوێژراوی 13دەڵێت:( هەر ماددەی هۆشبەر بوو کە وابکات من پەنا ببەمە ئەو تاوانە ،ڕەنگە من ئەگەر تووشی دەرمانەکە نەبوومایە هەر خەریکی کاری خۆم بوومایەو تێکەلی ئەوانەش نەدەبووم ناچار نەدەبووم بچم تاوانی دزی بکەم خێزانەکەم لەدەست بدەم) دەقەکە نموونەیەکی زیندووی تێچووی کۆمەڵایەتی ئالوودەبوونە؛ کە چۆن تاک لە ئەندامێکی بنیاتنەری کۆمەڵگەوە دەبێتە بارگرانی و مەترسی (دزی). هەروەها دەردەکەوێت کە چۆن هاوڕێی خراپ (تێکەڵاوی ئەوانە) دەبێتە هۆی گۆڕینی ژینگەی کۆمەڵایەتی تاک.

لیتوێژراوی A14 دەڵێت:( بەڵێ ماددەی هۆشبەر وات لێدەکات وهانت دەدات هەرشتێک بتەوێت بکەیت و یان مێشکت چی بیەوێت ئەنجامی بدەیت جا دزی بێت ،شەڕ وئاژاوە وکاری تەزوێر یان هەرشتێکی تر کە بەمێشکدا دێت ). ئەم دۆخە بریتییە لە نامۆبوونی ڕەها. تاک لە گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان دەچێتە دەرەوە و هەموو نۆرم و یاساکان وەک بەربەست دەبینێت کە دەبێت تێکبشکێنرێن. کۆمەڵگا دەبێتە سەرچاوە بۆ دابینکردنی ماددە، نەک ژینگەیەک بۆ ژیان.

لێتوێژراوی A15 دەڵێت:( بەڵێ ماددەی هۆشبەر وات لێدەکات وهانت دەدات هەرشتێک بتەوێت بکەیت و یان مێشکت چی بیەوێت من سەرەتا کەسێکی ئاسایی بووم قەت تووڕە نەدەبووم ،بەلام کە بوومە بەکارهێنەر عەسەبی وتوندوتیژ) . لەم دۆخەدا، تاک دەبێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ نزیکترین کەسەکانی. گۆڕان لە کەسێکی ئاسایی بۆ کەسێکی توندوتیژ متمانەی کۆمەڵایەتی و خێزانی دەکوژێت، چونکە چواردەور چیتر ناتوانن پێشبینی ڕەفتارەکانی بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕانی کۆمەڵایەتی و ترس.

لێتوێژراوی A16 دەڵێت:( بەڵێ ماددەی هۆشبەر وات لێدەکات وهانت دەدات عەسەبی بیت وگەر کەسیک قسەت لەگەڵ بکات بەدڵت نەبوو شەڕی پێدەفرۆشیت و هەر خۆت پێڕاستە ، هەندێ جار برادەرم هەبووە تووشی چەندین کاری دەرمانفرۆشی  ودزی وشەڕو ئاژاوەو کاری بەدرەوشتی ) . توندوتیژی و شەڕپێفرۆشتن لێرەدا تەنها تووڕەیی نییە، بەڵکو میکانیزمێکی بەرگرییە بۆ پاراستنی وەهمی ڕاستبوونی خۆ، کاتێک کەسێک قسەیەک دەکات کە بە دڵی بەکارهێنەر نییە، ئەو وەهمە دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە مێشکی بەکارهێنەر فەرمانی توندوتیژی دەردەکات بۆ بێدەنگکردنی دەرەوە و پاراستنی باڵادەستیی ئیگۆی خۆی.

لێتوێژراوی A17 دەڵێت:( هەر ماددەی هۆشبەر بوو کە وابکات من پەنا ببەمە ئەو تاوانە ،ڕەنگە من ئەگەر تووشی دەرمانەکە نەبوومایە هەر خەریکی کاری خۆم بوومایەو تێکەلی ئەوانەش نەدەبووم ڕقم بۆ دروست بێت، هەندێ جار تەقەم لە براکەشم کردووە ببومە کەسێکی توندرەو). ئەمە دانپێدانانێکی تراژیدییە کە تیایدا ئالوودەبوو باس لە کاریگەرییە وێرانکەرەکانی ماددەی هۆشبەر دەکات لەسەر مێشک و ڕەفتار، تا ئەو ئاستەی هەوڵی کوشتنی براکەی خۆی بدات، ئەمە نموونەیەکی زەقە لەسەر ئەوەی چۆن مادده کیمیاییەکان ناوەندەکانی سۆز و هاوسۆزی لە مێشکدا دەکوژن و مرۆڤ دەخەنە دۆخێکی توندڕەویی ڕەفتاری و دوورکەوتنەوە لە سروشتی مرۆڤایەتی.

لێتوێژراوی A18دەڵێت:( هەر ماددەی هۆشبەر بوو کە وابکات من شەرو ئاژاوە بۆ خەلکی دروست بکەم زۆر حەزم لەشەروکێشە دەکرد ،بەدەست خۆم نەبوو ).دیاردەی ئاژاوەگێڕیی کۆمەڵایەتی ، تاک دەبێتە سەرچاوەی مەترسی چونکە میکانیزمی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەکەی لەسەر بنەمای ململانێ دارێژراوەتەوە نەک هاوکاری، ژینگە دەبێتە شانۆیەک بۆ نمایشکردنی گرژییە ناوەکییەکانی.

لێتوێژراوی A19 دەڵێت :( هەر ماددەی هۆشبەر بوو کە وابکات من پەنا ببەمە ئەو تاوانە ، من ئەگەر تووشی دەرمانەکە نەبوومایە هەر خەریکی کاری خۆم دەبووم و تێکەلی ئەوانەش نەدەبووم ناچار نەدەبووم بچم تاوانی دزی بکەم خێزانەکەم لەدەست بدەم ). لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی ئابوورییەوە، ئەمە حاڵەتی دابڕانی کۆمەڵایەتی و کەوتنە ناو تاوانی مانەوەیە، کاتێک ئالوودەبوون سەرچاوە داراییەکان وشک دەکات، تاک ناچار دەبێت نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بشکێنێت (دزی کردن). ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی پێگەی چینایەتی و پەراوێزخستنی تەواوەتی.

لێتوێژراوی A20 دەلیت :(خۆ بەکارهێنانی دەرمان بەخۆی تاوانە ،هەرچیم لەدەست بێ دەیکەم بۆ بەدەست هێنانی هەتا تاوانیش بێت ،چونکە مەجبور دەبی وەک شێتت لێدێت دەبی هەر پەیدابکەیت و بەکاری بهێنیت ) ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە مەترسییەکی گەورەیە بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی، چونکە تاک دەگۆڕێت بۆ بکەرێکی پێشبینی نەکراو، کاتێک تاک ئامادە بێت هەموو شتێک بکات بۆ ژەمێک، متمانەی کۆمەڵایەتی نامێنێت و هەر تاکێکی ئالوودەبوو دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دزی، توندوتیژی، و تاوانی نەخوازراو.

لێتوێژراوی A21 دەڵێت:( بە غیرەتت دەکا دەفعت دەکا بچی بۆ مالێک شەو بێ یان ڕۆژ ئاو دیو بیت و دزی بکەیت )، دەقەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بەکارهێنانی مادده و ئەنجامدانی تاوانی دزی نیشان دەدات، لێرەدا ماددەکە وەک بزوێنەر کاردەکات؛ وشەی غیرەت لێرەدا ئاماژەیە بۆ سڕکردنی هەستی ترس و لێکەوتەکان لە مێشکدا ، ماددەکە سیستەمی ئاگادارکردنەوەی مەترسی لە مێشکدا دەوەستێنێت، بۆیە کەسەکە هەست بە دەفع یان پاڵنەرێکی بەهێز دەکات بۆ بڕینی ماڵان ئەمە ئازایەتی نییە، بەڵکو لەدەستدانی کۆنترۆڵی عەقڵانییە بەسەر ڕەفتاردا، کە وا دەکات دزیکردن وەک تاکە ڕێگە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان یان تێرکردنی حەزی سەرکێشی دەرکەوێت.

لێتوێژراوی A22 دەڵێت :( ووتیان بۆ لایەنی جنسی باشە و من بە زۆری بۆ ئافرەت بەکارم دەهێنا بە ٣ڕۆژ لەلایان دەمامەوە ) لێرەدا پەردە لەسەر عەقڵییەتێکی ڕاوکەر لادەدات کە

ماددەی هۆشبەر (بە تایبەت ماددە هاندەرەکان) وەک ئامرازێک بەکاردەهێنێت بۆ ملکەچکردنی قوربانییەکان، دەستەواژەی بۆ ئافرەت بەکارم دەهێنا ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی کە ئافرەت لای ئەم کەسە تەنها ئامێرێکە بۆ چێژ و تاقیکردنەوە. مانەوە بۆ ڕۆژ' ئاماژەیە بۆ کاریگەری ماددەکە لەسەر دروستکردنی وزەیەکی وەهمی و بێخەوی، کە تێیدا قوربانییەکە لەژێر کاریگەری ماددەدا ئیرادەی لێ دەسەنرێتەوە و لە دۆخێکی نائاگاییدا ڕووبەڕووی دەستدرێژی و ئیستغلال دەبێتەوە. ئەمە تەنها ئالوودەبوون نییە، بەڵکو تاوانی بەکۆیلەکردنی کاتییە لەژێر پەردەی پەیوەندییەکی ژەهراویدا.

لێتوێژراوی A23 دەلێت:( هانت دەدات بۆ هەموو شتێک ،وەکی برێ پاڵت پێدەدەنێ بۆ کێشەو مەشاکیل ،چونکە سەبرت نامێنێ ،بەتوندترین شێوە لە مندارو خێزانی خۆمم داوە ،هەتا لە خەزوری خۆمدا بە دەمانچەی بریندارم کرد ) . بەکاربەر گوزارشت لە دەکات سەبارەت بە کاریگەری فشارە دەروونییەکان کە دەبنە هۆی لەدەستدانی ئارامی و پەنابردنە بەر توندوتیژی جەستەیی بەرامبەر خێزان و منداڵ و تەنانەت بەکارهێنانی چەک دژی خەزووری.

لە ئەنجامی خستنەرووی زانیاری چاوپێکەوتنەکان دەردەکەویت زۆرینەی لێتوێژراوان () ماددەی هۆشبەر ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە هاندانی لێتوێژراوان بۆ ئەنجامدانی تاوانی بەدرەوشتی و دزی وکوشتن و لێدان ، بەهۆی پێویستی ماددەکە لەلایەک ،و کاریگەری جەستەیی و دەروونی بەکارهێنانی ماددەکە لە لایەکی تر ، ماددەی هۆشبەر تاک دەکاتە کۆیلەی ماددەکە و بوێری و هەستی ئازایەتی و بێشەرمی و بێباکی دروست دەکات ، هەموو ئەوانەش شێوازی ۆیوەندی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان بە ئەنجامدانی تاوانە رەفتارییەکان دەردەخات .

ئەم ئەنجامانە لە ڕوانگەی (تیۆری ڕەفتاری )یەوە ئەوە دەسەلمێنن کە ماددەکە دەبێتە بەهێزکەرێکی تاوانکاری؛ کاتێک تاکی بەکارهێنەرو ئالوودەبوو دەبێت ، جەستە ناچاری دەکات بۆ ڕزگاربوون لە ئازاری نەمانی ماددەکە ۆەنا بۆ هەر رەفتارێکی نابەجێ ببات ، وەک ئەوەی لە وەڵامی چەند لێتوێژراوێک دا بینراوە ، کە ئامادەن کەرامەتی خۆیان و خێزانیان بدەن بۆ ژەمێک ماددە. لەڕوانگەی ( تیۆری لێکترازانی کۆمەڵایەتی)یشەوە، تەقە کردن لەبرا وبریندار کردنی خەزوور نیشانەی هەڵوەشانەوەی تەواوی پەیوەندییە سزداری و خێزانییەکانە ، کە تێیدا تاک چیتر پابەندی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان نییە. (تیۆری فێربوونی رەفتاری ) روونکردنوە دەدات ، کە تاک لەناو ژینگەی لادەردا فێری تەکنیکەکانی دزی وبازرگانی سێکسی دەبێت و وەک رەفتارێکی ئاسای بۆ دەستکەوتنی ماددەکە سەیر دەکات .

ئەنجامی ئەم تەوەرە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی (فائیز ئیبراهیم ،2013) و،(یوسف لورابی:٢٠٢٢) کە جەختیان لەسەر پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و ئەنجامدانی تاوانەکانی (دزی ، لەشفرۆشی ، کوشتن) کردۆتەوە، هەروەها ئەنجامی توێژینەوەی (Rashada and Rathshanda, 2005) ، کە ئالوودەبووان وەک کەسانی شڕەنگێز و تاوانبار وەسف کردووە لە ژێر کاریگەری ماددەی هۆشبەر کە ئامادەن بپ دزی و توندتیژی لەهەر کاتێکدا.

**2-5 دەرخستنی کاریگەری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەسەر ئەنجامدامی تاوان:**

لەژێر کاریگەریی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان چ تاوانێک ئەنجامداو،لەبەرچی ؟

لێتوێژراوی لێتوێژراوی A1 دەڵێت (بەڵێ کاری سێکسیم لەگەڵ ئافرەت ئەنجامداوە لەبەرامبەر پێدانی مواد واتا ناچارم کردووە ،لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی پۆلیس وئاسایش ، بەکارهێنانی چەکی بێمۆڵەت ،تا دەستگیر نەکرێم)، ئەم ڕەفتارانە ئاماژەی ڕوونن بۆ سایکوپاتی کیمیایی وبەکارهێنانی ماددەکان (وەک کریستاڵ) بووەتە هۆی تێکچوونی تەواوەتی لە مێشکدا، کە بەرپرسە لە بڕیاردانی ئەخلاقی و کۆنترۆڵکردنی حەزەکان، لەم دۆخەدا ناوەندەکانی هاوسۆزی لەکار دەکەون و مرۆڤ بەرامبەر تەنها وەک کاڵا دەبینرێت.

لیتوێژراوی A2دەڵێت (بەڵێ چەندین تاوانم ئەنجامداون وەکو :جارێکیان مۆلیدەی کارەبایی ماڵەوەمان دزی ، ماتۆڕێکی هاوڕێیەکم دزی کە بە 700$ کڕیبوو دام بە (٥گرام) کریستال واتەبە (30000) دینار ،چونکە هەرگرامێکی کریستاڵ بە( 6000 )دیناری عیراقی بوو)، کاتێک بەکارهێنەر بەهۆی نەمانی پرە وپێویستی بۆ مواد وئامادەیی هەیە کە دزی لەماڵەوە و یان هاوڕێی خۆی بکات ئەوپەڕی بێرەوشتیە کە دەست بۆ پیرۆزیەکان دەبات وخیانەت لەو متمانەیە دەکات کە پێیان داوە .

لیتوێژراویA3 دەڵێت : (بەڵێ لەژێر کاریگەری ماددە هۆشبەرەکان توندوتیژیم ئەنجام داوە و شەڕم کرووە ناسیاوێکم بەچەک بریندار کرد و هەروەها بە چەقۆ و دامبۆکس لەچەندین کەسم داوە هەندێک جاریش لێدانم خواردووە ، کاتێک ناسیاوەکەم بریندار کرد وویسم بیترسینم لە خۆم ، بەڵام جارەکانی تر شەڕیان پێفرشتووم یان من شەڕم بە خەڵک فرۆشتووە ). دانپێدانانێکی مەترسیدارە کە ئاماژەیە بۆ تێکەڵبوونی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لەگەڵ توندوتیژیی فرە-چەک (گەرم و سارد). دەقەکە دەردەخات کەسەکە توندوتیژی وەک ئامرازێک بۆ سەپاندنی دەسەڵات و ترساندن بەکاردەهێنێت، ، کە نیشانەی تێکشکانی بەربەستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانە.

لێتوێژراوی A4 دەڵێت:(من ئافرەت هەبوو بە پارە کاری سەرجی لەگەڵ نەکردووم بۆیە ناچارم کرد کەماددەی هۆشبەری پێنەدم تاسەرجێیم لەگەڵ نەکات ،بۆیەچەندی جار ئەوکارەم لەگەل ئافرەتانم کردووە ، هەروەها زۆربەی گەنجەکانمان لە ڕێگەی کریستاڵ خۆیان و خێزانیان لەدەست داوە و زۆریان دەناسم) ، سەیرکردنی ئافرەت وەک کاڵایەک بۆ تێر کردنی ئارەزوەکانی ناچارکردنیان ،هۆکارگەلێکەن بۆتەشەنەکردنی چەنین کێشەی کۆمەلایەتی ولێکترازانی خێزانی ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدایە .

لێتوێژراوی A5 دەڵیت:(خۆم لەژێر کاریگەرییەکانی ماددە هۆشبەرەکان بوومە بازرگانی ماددە هۆشبەرەکان ، چونکە کاری پێشترم پێنەدەکرا بۆ ئەوەی بەردەوام موادم هەبێ و پارەی باشترم دەستکەوێت دەستم کرد بە فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر بە بەکارهێنەران).بەکارهێنەر تووشی دارمانی جەستەیی بووە ونەتوانینی کارەکەی پێشووی وایکردووە ناچار بە بازرگانی ماددەی کرددووە وەک جێکرەوەیەک بۆ کارەکەیی.

لێتوێژراویA6 دەڵیت:( تاوانی بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکان بۆ مەبەستی دەولەمەندبوون و هەبوونی سەیارەو خانوو و پارەیەکی زۆر کە ئامانجم بوو). بەکارهێنەر کاتێک بە ڕێگە ڕەواکان ناگەت بە ئامانجەکانی پەنا بۆ ڕێگایەکی تر دەبات ،کەچی نازانێت دواڕۆژێکی ڕەش چاوەروانیەتی وماڵ وێرانی بۆ خۆیی وتاکەکانی کۆمەڵگا بەرهەم دەهێنیت و وەک نەخۆشی شێرپەنجە بەنێو کۆمەڵگا بڵاودەبێتەوە.

لێتوێژراوی A7 دەڵێت:( دزی بۆ مەبەستی دەستكەوتنی كڕینی مواد ،جگه لەوەش چەندین جاریش هەرلەژێر كاریگەری دەرمان شەڕم كردووه هەوڵی خۆكوشتنم داوه ویستوومه برادەرەكەم بخنكێنم ). بەهۆی نەمانی مادده بەكارهێنەری بەرەو ڕووی تاوانێكی تر پەڵكێش كردووه ،شەڕ فرۆشتن بەخەڵك و خنكاندنی هاورێیەكی ،نیشاندەری ئەوەیە كەسەكە دەروونی ڕووخاوە و تووشی ئالوودەبوونێكی قوڵ بووه .

لێتوێژراوی (A8 )دەلیت: (دزینی مۆبایل و پارە بۆ مەبەستی دەستكەوتنی كڕینی مواد) . لێرەدا بەكارهێنەر بەهۆی نەمانی پارە وایكردووه دەست درێژی بكرێتە سەر سەروماڵی هاووڵاتیان ،ئەمەش دەرخەری نەمانی ئاسایشی كۆمەلایەتی

كەچی لیتوێژراویA9 دەلێت:( دزیم كردیە تاوەكو پارەم دەستكەوێت بچم موادی پێبكڕم )، هەروەها لیتوێژراویA10 لە وەڵامدا:( دزی بۆ مەبەستی دەستكەوتنی پارە بۆ كڕینی مواد ).دزی كردن لەڵایەن زۆرینەی بەكارهێنەران بۆتە دیاردە بۆ دەستخشتنی پارە بۆ مواد كرین بەهۆی كاریگەری دەرمانەكە ،كە هەستی بوێری و نەترسانیان پێدەبەخشێت بۆ ئەنجامدانی ئەوكارە .

لێتوێژراوی(A12) دەلێت : (بەشداری كوشتنم بوو ،تۆلەی خۆمم كردەوە) .دروست بوونی ڕق وكینە لای بەكارهێنەر و كردنەوەی تۆڵە وەک چەكێک بۆ بەرامبەرەكەی نیشانەی بوونی گرێیەكەی دەروونیە لای خوودی بەكارهێنەر.

لیتوێژراویA11 لە وەڵامدا:( بەشداری كوشتن بوو ،خۆشەویستی بۆ كەسێكی تر ).كاتێک كاریگەری دەرمانەكە دەبێتە هۆی لەناوبردنی هەموو بەها كۆمەلایەتی و مرۆڤایەتی ورێز ، ولە گۆڕنانی متمانەی نیوان هاوسەران ،بەكارهێنەری خزاندۆتە نێو درِندەترین تاوان كە دەست بۆ كوشتنی خۆشەویستەكەی ببات.

لێتوێژراوی 13دەڵێت:( دزین و هەرەشەی لەشفرۆشی )،هەروەها لێتوێژراوی A19دەڵێت :( دزین و هەرەشەی لەشفرۆشی)، دزین و هەرەشەی لەشفرۆشی بەهاوسەرەكەت و ناچاركردنی نامرۆڤایەترین رەفتارە كە بەكارهێنەر دەیگرێتەبەر ، لێرەدا ماددەكە هەموو پیرۆزییەكی خێزانی و ناموسی كوشتووە.

لیتوێژراوی A15 A14دەڵێن:( تاوانی من بازرگانی كردنبووە بە مادده هۆشبەرەكان بۆ دەست كەوتنی پارەی زۆرتر) ،

لێتوێژراوی A16 دەڵێت:( تاوانی من ساغكردنەوەی پارەی تەزوێر ) .ساخكردنەوەی پارەی تەزوێرو سپیكردنەوەی لەبازار ،نیشانەی تێوەگلانە لە نێو تۆڕە تاوانكارییە ئاڵۆزەكاندا .

لێتوێژراوی A17 دەڵێت:( بازرگانی ماددەی هۆشبەر و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەكانی ئاسایش )، هەروەها لێتوێژراوی A18دەڵێت:(بازرگانی ماددەی هۆشبەر و هەڵگرتنی چەكی بێمۆلەت ).تێكەڵكردنی بازرگانی مادده هۆشبەرەكان ورووبەڕووبوونەوەی چەكداری لەگەڵ هێزە ئەمنیەكان لوتكەی سەركێشیە ، تاک لێرەدا هیچ هێلێكی سوری نەماوە.

لێتوێژراوی A20دەلیت :(كاری بەدرەوشتی بەردەوام لەگەل ئافرەتی لەشفرۆش دەمامەوەو خێزانەكەشم و مالو منالم ئیهمال كردبوون و زۆر غەدرم لێكردوون ).ئیهماڵكردنی منداڵ و ژیان

لەگەڵ لەشفرۆشان نیشانەی پەیدابوونی شێوازی ژیانی لادەرانەیە ، بەکارهێنەر هەموو بەهاکانی ژیانی هاوسەری لەدەستدەدات.

لێتوێژراوی A21 دەڵێت:(چەکی بێمۆلەتم بەکارهێناوە و کەسێکم بریندار کردووەو رێگری و دزیم کردووە)،رێگری وبریندارکردن نیشانەی تاوانی توندوتیژین ، لەکاتی بەکارهێنانی دەرمان مێشکم داوای لێدەکات .

لێتوێژراوی A22 دەڵێت :( وایلێکردم هەست بە بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر بۆ پەیداکردن وکڕینی ماددەکەم جارێکیان لەنێو مەتعەمێک لەگەل کەسێک بەشەڕهاتم چەقۆیەکم بەرکەوت وبریندار بووم چونکە حەب ودەرمانم خواردبوو)، بازرگانی بۆ کڕینی بڕی خۆیی وو شەڕکردن لە چێشتخانە نیشانەی یوندوتیژییەکی بێ پاساوە .

لێتوێژراوی A23 دەڵێت:(توندوتیژی لەگەل مارومندارو خێزانم مالی خەزورم براکانم بوویتە شەڕبەتوندترین شێوە بە ناوی کوشتن لێمداینە ،هەمووی کاریگەری دەرمانەکە بووە) ،توندوتیژی بەرامبەر هەموو کەسە نزیکەکان نیشانەی دارمانی کۆی پەیوەندییەکانە ماددەکە ڕۆڵی ماشینێکی شەڕ لێدەکات .

لە ئەنجامی خستنە ڕووی زانیارییەکانی چاوپێکەوتنەکان دەردەکەوێت ، بەشی هەرە زۆری لێتویژراوان لە ژێر کاریگەری ماددەی هۆشبەر تاوانی دزی و تاوانەکانی بەدڕەوشتی (زینا،ناپاکی هاوسەری) و بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکانیان ئەنجامداوە ، بەمەبەستی ماددی جا بۆ دەستکەوتنی ماددەکە بێت ، یاخوود بۆ باشترکردنی دۆخی داراییان ، لەهەمانکاتدا بەشێکی تری لێتوێژراوان تاوانی لێدان وکوشتن لەژێر کاریگەری ماددە هۆشبەرەکان ئەنجامداوە ،بە مەبەستی تۆڵە کردنەوە.

ئەو ئەنجامانە شێوازی پەیوەندی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بە ئەنجامدانی تاوان ئاشکرا دەکات ،جا پەیوەندییەکە لە هەندێک کاتدا شێوازێکی راستەوخۆ وەردەگرێت وەکو تاوانەکانی لێدان و کوشتن و بریندارکردن یان توندوتیژییە زارەکیەکان (جنێودان) ، کە ماددەکە کاریگەری نەرێنی مەترسیدار لەسەر دۆخی دەروونی و عەقڵی و رەفتاری بەکارهێنەر دەکات ، کەچی هەندێک کات پەیوەندییەکە ناراستەخۆ نیشان دەدات وەکو تاوانەکانی دزی و بەدڕەوشتی ، کە پێویستی بۆ ماددە هۆشبەرەکان بەکارهێنەر ناچار دەکات حەیا وشەرەفی بخاتە بەردەم دەستکەوتنی بڕێکی دیاریکراو لە ماددەی هۆشبەر .

ئەم ئەنجامانە لە ڕوانگەی (تیۆری لێکترازانی کۆمەڵایەتی) و چەمکی ئانۆمی ی مێرتۆنەوە ئەوە دەسەلمێنن کە کاتێک تاکەکان ناتوانن بە ڕێگەی ڕەوا بگەنە ئامانجەکانیان، پەنا بۆ داهێنان و ڕێگەی نایاسایی دەبەن؛ وەک دزی و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر یان ڕەتکردنەوەی پێوەرەکان و پەنابردن بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر. لە ڕوانگەی (تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی)یشەوە، ئەنجامدانی تاوانەکانی وەک تەزویر و بازرگانی کردن بە ماددە نیشانی دەدات کە تاک لە ناو ژینگەی تاوانکاریدا فێری تەکنیکەکانی ئەنجامدانی تاوان بووە. هەروەها (تیۆری ڕەفتاری) ڕوونکردنەوە بۆ چەند لێتوێژراوێک دەدات کە تێیدا ناچاریی جەستەیی بۆ دەستکەوتنی ماددەکە وای کردووە تاک هەموو بەها ئەخلاقییەکانی فەرامۆش بکات و پەنا بۆ ئیستیغلالکردنی سێکسی و دزیکردن ببات. ئەم ئەنجامانە بە تەواوی هاوتان لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (ڕێبین کاکەمەم، 2022) کە دزیکردنی بە (56.9%) و توندوتیژی بە (35%) وەک



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئاکامی بەکارهێنان ماددەی هۆشبەر لە لای نموونەی توێژینەوە دەستنیشان کردووە. هەروەها لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (فائیز ئیبراهیم، 2013) یەکدەگرێتەوە کە ئاماژەیان بە تاوانەکانی دزی، کوشتن و لادانی سێکسی ، هەروەها توێژینەوەی (یوسف لورابی، ٢٠٢٢) بەڕێژەی( ٤٤,٤٤%) دەبێتەهۆی تاوانی دزی، بەڕێژەی( ٢٧,٧٨% )دەبێتە هۆی تاوانی دەستدرێژی کردنە سەر کەسانی تر،کە لە ژێر کاریگەری بەکارهێنانی ماددی هۆشبەر ئەنجامدابوو. ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە ماددەکە تاکی لە کەسێکی ئاساییەوە گۆڕیوە بۆ تاوانبارێکی فرە-تاوان وەک لە لای هەندێ لێتوێژراودا بە ڕوونی دەردەکەوێت.

**5- 3 دەرخستنی ئەو ماددە هۆشبەرانەی کە زیاتر بەکارهێنەر بەرەو تاوان دەبات.**

لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە چ جۆرە ماددەیەکی هۆشبەرت بەکار دەهێنا و پەیوەندیی بە تاوانەکەت چی بوو ؟

لیتوێژراوی (A1) دەڵێت : ( کریستالم بەکارهێنابوو بۆ جنس چەکم دژی هێزە ئەمنیەکان بەکارهێنا تاوەکو دەستگیر نەکرێم ) کریستاڵ دەبێتە هۆی هەڵچوونی سێکسی (Hypersexuality) و لەهەمان کاتدا لابردنی بەربەستە عەقڵییەکان، بەکارهێنانی چەک دژی هێزەکان نیشانەی گەیشتنە بە قۆناغی شێواویی دەروونی، کە تێیدا کەسەکە توانای بیرکردنەوەی لۆژیکی نامێنێت و تەنها بیر لە دەربازبوون دەکاتەوە بە هەر نرخێک بێت.

لێتوێژراوی (A2) دەڵیت :( کریستالم بەکارهێنا ، مۆلیدە مالەوەو ماتۆڕسکیلێکی هاورێیەکم دزی بە هۆی پیویشتیم بەپارە بۆ کڕینی ماددەکە) بەکارهێنەر قۆناغێکی پێشکەوتووی ئالوودەبوون نیشان دەدات کە تێیدا پێویستی بایۆلۆژی بۆ ماددەکە زاڵ دەبێت بەسەر ویژدان و بەها کۆمەڵایەتییەکان، دزیکردن لە ماڵەوە (شکاندنی پیرۆزی خێزان) و دزینی ماتۆڕسکیلی هاوڕێ (خیانەت لە متمانە)، ئاماژەن بۆ ئەوەی ماددەی کریستاڵ چۆن ناوەندی بڕیاردانی مێشک تێکدەدات و بەکارهێنەر دەکاتە مەترسی بۆ سەر نزیکترین کەسەکانی.

لێتوێژراوی (A3) دەڵێت: ( ماددەی کریستالم بەکاردەهێنا ،تا لەکاتی شەڕدا بوێریم پێبدا بەکارهێنانی چەک وبریندارکردنی کەسێک ، چەندین جاریش چەقۆو دامبۆکسم بەکاردەهێنا) بەکارهێنەرەکە تووشی نەمانی هەستیاری بووە بەرامبەر ئازاری خەڵک، ئەو بوێرییەی باسی دەکات، لە ڕاستیدا بریتییە لە لەدەستدانی کۆنترۆڵ بەسەر (Impulse Control) و تێکچوونی بەشی پێشەوەی مێشک (Prefrontal Cortex) کە بەرپرسە لە بڕیاردانی لۆژیکی، کریستاڵ وای لێ دەکات هەست بە دەسەڵاتی ڕەها بکات بۆ شاردنەوەی لاوازییە دەروونییەکانی.

لێتوێژراوی (A4) دەڵێت: (بۆ مەبەستی بەهێزکردنی جنس کریستالم بەکاردەهێنا و تاوانی بەدرەوشتی لەگەڵ ئافرەتان ) کریستاڵ دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی زۆری دۆپامین، کە وا لە بەکارهێنەر دەکات هەست بە وزەیەکی وەهمی بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ناوەندی بڕیاردان و ویژدان لە مێشکدا دەوەستێنێت. ئەمەش وا دەکات کەسەکە ئافرەتان تەنها وەک ئامرازێک بۆ تێرکردن ببینێت و ئامادە بێت هەموو سنوورێکی مرۆیی و یاسایی ببەزێنێت

لێتوێژراوی (A5) دەڵیت: ( کریستاڵ ، بۆ جەو وەرگرتن بەکاردەهێنا ،بەڵام هاورێیەکم داوای کرد کە ماددە بۆ موشتەرییەکانی دابین بکەم بۆیە لێمان بووە دەمەقاڵێ شەڕو شکایەتی لێکردم گیرام بازرگانی ماددەی هۆشبەربووم). پەلکێشکردنی بەکارهێنەرە بۆ ناو جیهانی بازرگانی بە زۆر

یان بە پیلان، لێرەدا، بەکارهێنەر کە تەنها ئالوودە بووە، دەکرێتە قوربانی ململانێیەکی کەسی، هاوڕێکە وەک میکانیزمێکی بەرگری یان تۆڵە، سکاڵای یاسایی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی کەسەکە وەک دابینکەر یان بازرگان دەربخات.

لێتوێژراوی (A6) دەلیت :( ماریجواناو کریستال و لاریکا) بازرگانی ماددەی هۆشبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەم دەولەموندبوون وەکو هاورێکانم) وەهمی دەوڵەمەندبوون وا لە کەسەکە دەکات کە چاوپۆشی لە مەترسییەکانی کریستاڵ و لاریکا بکات، کاتێک مرۆڤ ئامادەیە بازرگانی بە مەرگی خەڵک بکات تەنها بۆ ئەوەی وەک هاوڕێکانی بژی، ئەمە نیشانەی دارمانی ئەخلاقییە، ژینگەی هاورێیەتی لێرەدا وەک پاڵنەرێکی تاوانکاری کاردەکات کە تێیدا پارەی حەرام وەک هێمای سەرکەوتن پیشان دەدرێت، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا تەڵەیەکی دەروونی و یاساییە.

لیتوێژراوی (A7) دەلێت :( ترمادۆل وکریستال، دزی کردن بە هۆی نەمانی پارە بۆ موادکڕین ) تێکەڵکردنی ترمادۆل (ئۆپیۆید) و کریستاڵ (ماددەیەکی هاندەری دەمار) دەبێتە هۆی وێرانکردنی هاوسەنگی دۆپامین و سێرۆتۆنین لە مێشکدا. لەم دۆخەدا، ناوچەی بڕیاردانی ژیرانە پەکدەکەوێت و مرۆڤ تەنها لەژێر فەرمانی ئارەزووی تونددایە. کاتێک پارە نامێنێت، مێشک 'دزیکردن' وەک تاکە ڕێگەی ڕزگاربوون لە ئازاری جەستەیی و دەروونی دەبینێت، بەمەش شکۆ و متمانەی کۆمەڵایەتی دەبنە قوربانی یەکەمی ئەم جەنگە ناوخۆییە.

لێتوێژراوی (A8) دەلیت : (کریستال و هێرۆیین) دزینی مۆبایل و پارە بۆ ئەوەی ماددەی هۆشبەر پێبکرم ) تێکەڵکردنی کریستاڵ (وروژێنەری توند) و هێرۆیین (سڕکەری ئۆپیۆیدی) کارەساتێکی بایۆلۆژی لە مێشکدا دروست دەکات، کریستاڵ بەشی پێشەوەی مێشک (Prefrontal Cortex) پەکدەخات کە بەرپرسە لە بڕیاردان و ئەخلاق، لە کاتێکدا هێرۆیین سیستەمی پاداشتی مێشک کۆنترۆڵ دەکات، ئەم کارلێکە مرۆڤ دەخاتە دۆخی کۆیلایەتی تەواو ،کە مێشک تەنها یەک فەرمان دەناسێت پەیداکردنی ماددەیە، ئەگەر بە لەدەستدانی شکۆ و ئەنجامدانی تاوانیش بێت.

لێتویژراوی (A9) دەلیت : ( کریستال، بەهۆی ئەوەی ماددەی هۆشبەرم نەمابوو دەستم بە دزی کرد بۆ کڕینی ... منالەکانیشم فێری دزی بوون ) لە ڕوانگەی دەروونناسی و تاوانناسییەوە، ئەم دۆخە بە تەواوی بەرجەستەکردنی (فێربوونی کۆمەڵایەتی)یە، کە تێیدا منداڵ بە چاوانە سەیری دایک یان باوک دەکات وەک مۆدێلێکی ڕەفتاری، کاتێک ماڵ لە شوێنی پەروەردەوە دەبێتە قوتابخانەی دزی بۆ دابینکردنی کریستاڵ، قەڵای خێزان دادەڕمێت و منداڵەکە تاوان وەک ئامرازێکی ئاسایی بۆ مانەوە دەبینێت، ئەمەش زنجیرەیەکی مەترسیداری تاوان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دروست دەکات و منداڵەکان دەکاتە قوربانی یەکەمی هەڵەی گەورەکان.

لێتوێژراوی (A10) دەلێت: (نەمانی پارە بۆ کڕینی مواد ناچار دەستم دایە دزی کردن ) ئالوودەبوون سیستەمی پاداشتی مێشک تێکدەدات، بە شێوەیەک کە تەنها ماددەکە بە پێویستی مانەوە دەبینێت. کاتێک سەرچاوە داراییەکان تەواو دەبن، مێشک لە ژێر فشاری خوماریدا توانای جیاکردنەوەی چاکە و خراپەی نامێنێت و دزی وەک تاکە ڕێگەی ڕزگاربوون لە ئازاری جەستەیی دەبینێت، ئەمەش نیشانەی دارمانی تەواوی ئیرادەیە لە بەرانبەر ماددەدا و



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مرۆڤ دەخاتە نێو خولگەیەکی بێهیوایی کە تێیدا تاوان دەبێتە ئامراز بۆ تێرکردنی ئارەزوویەکی وێرانکەر.

لیتوێژراوی (A11) دەلێت : ( کریستال وهێرۆیین ، بەمەبەستی تۆڵە کردنەوە بەشداری تاوانم کردووە) کریستاڵ ئاستی دۆپامین بەشێوەیەکی نائاسایی بەرز دەکاتەوە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی پارانۆیا و هەستی ستەملێکراوی، ئەمەش رق دەکاتە بزوێنەری سەرەکی، لەلایەکی ترەوە، هێرۆیین ناوەندی هەستەکان سڕ دەکات و ترس لە سزا یان بەزەیی بۆ قوربانی ناهێڵێت، ئەم تێکەڵەیە مرۆڤ دەکاتە ئامێرێکی بێگیانی تاوانکار کە تەنها وێرانکاری دەبینێت.

لیتوێژراوی (A12) دەلێت: ( کریستال، خۆشەویستیم بۆ کەسێکی تر هەبوو بۆیە بەشداری تاوانی کوشتنم کردووە) کریستاڵ دەبێتە هۆی تێکچوونی گواستەرە دەمارییەکانی مێشک و سیستەمی لۆژیک و بڕیاردان پەکدەخات، لەم حاڵەتەدا، هەستی خۆشەویستی لە سروشتە مرۆییەکەی دەردەچێت و دەبێتە وەسوەسەیەکی توندوتیژ، کە تێیدا بەکارهێنەرەکە هیچ بەربەستێکی ئەخلاقی نابینێت و کوشتنی مرۆڤێکی تر وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ئامانجە سۆزدارییەکەی دەبینێت،ئەمەش نیشانەی دارمانی تەواوی پارسەنگی دەروونییە.

لێتوێژراوی (A13) دەلیت: (کریستال ، موادم نەمابوو پارەشم پێنەبوو بۆیە چووم دزیم کرد ) نەمانی مادده (Withdrawal) دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی کیمیایی مێشک، بە تایبەت سیستەمی دۆپامین، لەم دۆخەدا، بەشی پێشەوەی مێشک کە بەرپرسە لە بڕیاردان و ڕەوشت، کۆنترۆڵ لەدەست دەدات و بەکارهێنەر تەنها یەک ئامانجی دەبێت: بەدەستهێنانی مادده بە هەر نرخێک بێت، تەنانەت ئەگەر تاوانیش بێت، ئەمەش نیشانەی تێکچوونی سیستماتیکی کۆنترۆڵی ڕەفتارە.

لێتوێژراوی (A14) دەلێت : ( کریستاڵ ، بۆ دەستخستنی پارە بازرگانی مادده هۆشبەرەکان ) وەرچەرخان بەرەو بازرگانی کاتێک ڕوودەدات کە ئالوودەبوون دەگاتە ئاستێک کە دارایی کەسەکە دادەڕمێت و ناچار دەبێت بۆ دابینکردنی ژەهری خۆی ببێتە بەشێک لە باندی تاوانکار، ئەمە دەبێتە هۆی وێرانکارییەکی زنجیرەیی؛ چونکە هەر فرۆشیارێک ژیانی دەیان گەنج و خێزان لەناو دەبات، لە ڕووی یاساییەوە، بازرگانی مادده قورسترین سزا دەگرێتەوە کە زیندانی هەتاهەتایی یان لەسێدارەدانە، و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە شەرمەزارییەکی گەورە بۆ کەسەکە و خێزانەکەی جێدەهێڵێت کە هەرگیز ناهێنێتەوە. کاتێک کریستاڵ دەبێتە بازرگانی، مرۆڤ دەبێتە بکوژی بێدەنگ؛ هەر مسقاڵێک کە دەیفرۆشیت، واژۆیەکە لەسەر سوتانی خێزانێک و هەنگاوێکە بەرەو تاریکی زیندانێکی ئەبەدی.

لێتوێژراوی (A15) دەلێت: ( لە پێناو خۆ دەولەمەندکردن و پارە بازرگانی کردن بەماددەهۆشبەرەکان کریستاڵم بەکاردەهێنا) ئارەزووی دەوڵەمەندبوونی خێرا ویژدانی مرۆڤ دەمرێنێت و دەیکاتە بازرگانێکی مەرگ کە بێباکە لە وێرانبوونی خێزانەکان، پارادۆکسی بازرگان-بەکارهێنەر نیشانەی دارمانی تەواوی مێشکە؛ کەسەکە لە هەمان کاتدا ژەهر دەفرۆشێت و خۆشی دەبێتە قوربانی، ئەمەش بازنەیەکی داخراوی وێرانکاری دروست دەکات، ئەم تاوانە بە ئەنقەستە و تەنها بۆ کۆکردنەوەی سامانە، نەک ناچاری، کە ئەمەش پلەی هەرە مەترسیداری تاوانکارییە لە دەروونناسی تاواندا ، چونکە هیچ ڕەحمێک بۆ مرۆڤایەتی ناهێڵێتەوە.

لێتوێژراوی (A16) دەڵێت :(کریستالم بەکارهێنابوو ، ساغکردنەوەی پارەی تەزویر لەبازاڕ ) ئالوودەبوون بە ماددەی کریستاڵ کاردەکاتە سەر ناوچەی بڕیاردان لە مێشکدا و هەستی سۆزداری و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ئەوانی تر لەناو دەبات،کاتێک بەکارهێنەر پێویستی بە پارەی خێرا دەبێت بۆ کڕینی ماددەکە، پەنا دەباتە بەر تاوانی سپی وەک ساغکردنەوەی پارەی تەزویر، ئەم کارە نەک هەر زیان بە سیستەمی دارایی دەگەیەنێت، بەڵکو متمانەی نێوان مرۆڤەکان دەکوژێت، چونکە فێڵ لە کاسبکارانی بێتاوان دەکرێت کە ڕەنگە ئەو پارەیە تاقە قووتی ژیانیان بێت.

لێتوێژراوی (A17) دەڵێت :( جامایکا ،ڕووبوڕووبوونەوەی هێزە ئەمنیەکان بە چەک تاوەکو دەستگیر نەکرێم ، چونکە بازرگانی مادده هۆشبەرەکان بووم ) کاتێک بازرگانی مادده هۆشبەرەکان دەبێتە تاقە سەرچاوەی ناسنامەی تاک، دەروونی کەسەکە تووشی جۆرێک لە پارانۆیا دەبێت کە یاسا وەک دوژمنێکی سەرسەخت دەبینێت، ئەم تێڕوانینە وای لێ دەکات پەنا بۆ چەک ببات بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتە وەهمییەی هەیەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری نیشانەی گەیشتنە بە بنبەستی دەروونی، کە تێیدا ترسی دەستگیرکردن گەورەتر دەبێت لە ترسی مەرگ، ئەمەش مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی گشتی دروست دەکات، دۆخێکی مەترسیداری توندوتیژی چەکداری و ڕاکردن لە یاسا کە تێیدا تاکەکەسی تاوانبار بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە داراییەکانی لە بازرگانی مادده هۆشبەرەکان، گیانی خۆی و هێزە ئەمنییەکان دەخاتە مەترسییەکی کوشندەوە.

لێتوێژراوی (A18) دەڵێت : (کریستاڵ ، بەمەبەستی دەولەمەندبوون پرەیەکی باش .. بازرگانی مادده هۆشبەرەکانم دەکرد) خەونی دەوڵەمەندبوونی خێرا دەبێتە پەردەیەک لەسەر چاوی بازرگانەکە و وای لێ دەکات تەنها ژمارەکان ببینێت نەک ئەو ژیانانەی کە دەبنە قوربانی، ئەمە تەڵەیەکی دەروونییە کە تێیدا مرۆڤ بەها ئاکارییەکانی دەگۆڕێتەوە بە سامانێکی کاتی، ئەگەر کەسەکە خۆی بەکارهێنەر بێت، ماددەکە کۆنترۆڵی ناوچەی بڕیاردان لە مێشکیدا دەکات و دەیکاتە ئامرازێکی بێ ئیرادە بۆ بڵاوکردنەوەی ژەهر، ئەمەش دەبێتە هۆی وێرانبوونی شیرازەی خێزانی و دروستبوونی ژینگەیەکی پڕ لە ترس و تاوان.

لێتوێژراوی (A19) دەڵێت :( کریستال ، موادم نەمابوو پارەشم پێنەبوو بۆیە چووم دزیم کرد تا پارەم دەستکەوێت بۆ موادەکە) ئالوودەبوون بە کریستاڵ دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەمی پاداشت لە مێشکدا، بە جۆرێک کە پێویستی کیمیایی جێگەی ئاکار و یاسا دەگرێتەوە، لە کاتی نەمانی ماددەدا، ناوچەی پێشەوەی مێشک پەکدەکەوێت و کەسەکە تەنها لەژێر فشاری ئارەزوویەکی بکوژدایە، ئەمەش وای لێدەکات شکۆی مرۆیی خۆی بشکێنێت و پەنا بباتە بەر دزی بۆ ئەوەی لە ئازاری نەمانی مادده ڕزگاری بێت، ئەمەش دەسپێکی بازنەیەکی وێرانکەرە کە تێیدا تاوان دەبێتە ئامرازێکی ئاسایی بۆ مانەوە.

لێتوێژراوی A20 دەڵێت :( هەر دەرمانێک بەکار بهێنیت، کە جسمت داوای زیاتری کردو پارەشت پێنەبێ ناچاریت دزی یان هەر تاوانێک بکەی ، من لەسەر دزی گیراوم) کاتێک ئالوودەبوو دەگاتە قۆناغی بەرگەگرتن، جەستە داوای بڕی زیاتر دەکات، لە نەبوونی سەرچاوەی دارایی، سیستەمی پاداشتی مێشک دەستکاری دەکرێت و ئیرادە دەسڕدرێتەوە؛ مێشک تەنها لەسەر دۆخی مانەوەکار دەکات بۆ ڕێگریکردن لە ئازاری توندی کشانەوە، لێرەدا دزی کردن

هەڵبژاردنێکی ئازاد نییە، بەڵکو کاردانەوەیەکی بایۆلۆژییە کە تاک ناچار دەکات سنوورە یاساییەکان ببەزێنێت، کە ئەمەش نیشانەی باڵای کۆیلایەتی جەستەیە بۆ ماددە.

لێتوێژراوی (A21) دەڵێت : ( کریستال و جامایکا ، دەست خستنی زێرو پارە لە چەند کچ وکورێک لەڕێگەی پێدانی دەرمان دواتر ترساندن(تهديد)بەوەی قسەیان لێبکەم لای باوانیان ، بەکارهێنانی چەکی بێمولەت و بریندارکردنی کەسێک) ئەم وەڵامەیە ئاماژەیە بۆ دۆخێکی دەروونی-تاوانکاریی زۆر ئاڵۆز و مەترسیدار. سروشتی ڕەفتارەکە ئەمە تەنها ئالوودەبوون نییە، بەڵکو ڕەفتارێکی نێچیرگرانەی پلاندارێژراوە، بەکارهێنانی ماددەکان وەک تەپکە بۆ ئالوودەکردن و دواتر قۆستنەوەی ترسە کۆمەڵایەتییەکان (شەرم لای دایک و باوک) نیشانەی کەسایەتییەکەیە ،کە ویژدانی مردووە و ئەوانی تر وەک ئامراز دەبینێت، کاریگەری لەسەر قوربانییەکان قوربانییەکان دوو جار دەکوژرێن؛ جارێک بە ئالوودەبوون و جارێک بە تیرۆری دەروونی و هەڕەشەی ئابڕووچوون، کە ڕەنگە ببێتە هۆی خۆکوژی یان وێرانبوونی تەواوەتی داهاتوویان داینامیکی هێز بەکارهێنانی چەک و بریندارکردنی کەسێک نیشانەی لەدەستدانی کۆنترۆڵ و گەیشتنە بە قۆناغی توندوتیژیی جەستەیی ڕاستەوخۆ، کە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی گشتی.

لێتوێژراوی (A22) دەڵێت : ( حەب و کریستال ، بۆ کاری ڕابواردن لەگەل ئافرەتان و پرە پەیداکردن ) ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەی ڕاوکەر کە تێیدا پەیوەندییەکان دەبنە بازرگانی. هەڵوەشاندنەوەی خێزان، زیادبوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان، و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گواستراوەکان لێکەوتە ڕاستەوخۆکانی ئەم جۆرە ژیانەن.

لێتوێژراوی (A23) دەڵێت : ( کریستال ، شەڕو توندوتیژی و بەکارهێنانی چەک وچەقۆ ) بەکارهێنانی کریستاڵ دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کتوپڕ و مەترسیداری دۆپامین و نۆرۆئەدرینالین لە مێشکدا، کە ئەمەش دۆخێک دروست دەکات پێی دەوترێت شەڕەنگێزیی لەڕادەبەدەر،ئەم پرۆسە کیمیاییە دەست دەگرێت بەسەر ناوەندی هەست و ترس (Amygdala) و کۆنترۆڵی ژیری (Prefrontal Cortex) لەکار دەخات، وادەکات کەسەکە بچووکترین جووڵە وەک هەڕەشەی کوشندە ببینێت و ڕاستەوخۆ پەنا بۆ چەک ببات.

لە ئەنجامی خستنەڕووی زانیاری چاوپێکەوتنەکان دەردەکەوێت ،زۆرینەی هەرە زۆری لێتوێژراوان ماددەی کریستالیان لە کاتی ئەنجامدانی تاوان بەکارهێناوە ، بەشێکیان بە هۆی پێویستی بە ماددەکە تاوانی دزیان ئەنجامداوە، بەشێکی تریان بۆ وەرگرتنی هێزو نەهێشتنی ترس و شەرم وبەرزکردنەوەی توانای سیکسی تاوانی بەدڕەوشتی و لێدان وکوشتن وبازرگانی بە ماددەی هۆشبەر ئەنجامداوە.

ئەو ئەنجامەش نیشادەری مەترسییەکی گەورەیە لەبەکارهێنانی جۆری ماددەی هۆشبەرلە کۆمەڵگەی توێژینەوە، چونکە ماددەی کریستال ماددەیەکی هۆشبەری دەستکراو هەرزانە، کاریگەرییەکانی لە ڕوویی جەستەیی ودەروونی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی وەکو لە تەوەرەکانی پێشووتر دەرکەوتووە زۆر مەترسیدارە، ئەمەش شێوازی پەیوەندی ئەو جۆرە ماددە هۆشبەرە بە ئەنجامدانی تاوان دەردەخات ، جا ڕاستەوخۆ بێت یا ناڕاستەخۆ .

ئەم ئەنجامانە لە ڕوانگەی تیۆری ڕەفتارییەوە ئەوە دەسەلمێنن کە ماددەی کریستاڵ وەک بەهێزکەرێکی فیزیۆلۆژی کار دەکات کە ناوەندەکانی ترس پەکدەخات ، ئەمەش وا دەکات تاک

ئازایەتییەکی وەهمیی بۆ دروست بێت بۆ ئەنجامدانی دزی ولیدان و کوشتن. لە ڕوانگەی تیۆری لێکترازانی کۆمەڵایەتییەوە، بەهۆی نەمانی پارە بۆ کڕینی ماددەکە پەنایان بۆ دزی بردووە، نیشانەی ئانۆمی و شکانی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانە لە ژێر فشاری بەکارهێناندا. تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیش ڕوونکردنەوە کە تێیدا ماددەکە وەک ئامرازێک بۆ بازرگانی بەکارهێنراوە، کە نیشانەی فێربوونی تەکنیکەکانی تاوانە لە ناو ژینگەی لادەراندا.

ئەم ئەنجامانە بە تەواوی هاوتان لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (ڕێبین کاکەمەم، 2022) کە کریستاڵی وەک هۆکاری دزی بە ڕێژەی (56.9%) و توندوتیژی بەرێژەی (35%) دەستنیشان کردووە. هەروەها لەگەڵ توێژینەوەکەی (فائیز ئیبراهیم، 2013) یەکدەگرێتەوە کە کریستاڵ و هێرۆیینیان وەک مەترسیدارترین ماددە بۆ تاوانی کوشتن و دزی وەسف کردووە. ئەو پەیوەندییەی لە نێوان نەمانی ترس و ئەنجامدانی تاواندا بینرا، لە ئەنجامی توێژینەوەی (Rashada & Rathshanda, 2005)ە کە بەکارهێنەرو ئالوودەبوو، وەک کەسانی شەڕەنگێز و ماددەکە ئامادەیان دەکات بۆ ئەنجامدانی تاوان بەبێ گوێدانە مەترسییەکان.

بەکارهێنانی چ جۆرە ماددەیەکی هۆشبەر زیاتر بەکارهێنەر بەرەو تاوان دەبەن ؟ چۆ ن ؟

ئەم بڕگەیە دەری دەخات کە کریستاڵ مەترسیدارترین ماددەیە کە ترس ناهێڵێت و ،وا لە بەکاهێنەروئالوودەبوو بکات تاوان ئەنجامبدا، ئەمەش نموونەی وەڵامی لێتوێژراوانە، کە جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەنەوە دەخەینەڕوو:

لێتوێژراوی A1 دەڵێت: **((کریستاڵ واتلێدەکات هەست بەوە بکەیت کە جگە لەتۆ کەسی تر لەو دونیایەدا نیەو پیاوتر نیە))**،هەروەها لێتوێژراوی A2 دەڵێت: **((ماددەی کریستاڵ زیاتر بەکارهێنەر بەرەو تاوان ڕادەکێشێت ،لەبەر ئەوەی مرۆڤ دەباتە ئاستێکی زۆر بەرز و خەیاڵاوی))**، هەروەها لێتوێژراوی A23 دەڵێت: **((کریستاڵ لە هەموویان پیسترە... غیرەتت پێدەدا هەتا ئەگەر ئاسایش بێت، بەڵام سیلاحت پێیە خۆت ڕادەست ناکەیت))**، وەهمی پیاوەتی و هێز کە کریستاڵ دروستی دەکات مەترسیدارترین پاڵنەری تاوانە، تاک لێرەدا هەست بە هیچ پەشیمانییەک ناکات.

هەروەها هەریەکە لە لیتوێژراوانی (A3، A8،A10،A21) دەلین : **((زیاتر ماددەی کریستاڵ بەکارهێنەر بەرەو تاوان دەبات ،چونکە هیچ ترسێک لە قەلبت ناهێلیت وبوێری پێدەبەخشێت و هەر بیرۆکەیەکت هاتە مێشکت یەکسەر ئەنجامی دەدەیت ،بێ ئەوەی بزانیت کۆتایەکەی چیە))**،

بەڵام لیتوێژراوی (A7) دەڵێت **:( ماددەی کریستاڵ وترامادۆل، بەکارهێنەر بەرەو تاوان دەبات ،چونکە هیچ ترسێک لە قەلبت ناهێلیت وبوێری پێدەبەخشێت و هەر بیرۆکەیەکت هاتە مێشکت یەکسەر ئەنجامی دەدەیت)** نەمانی ترس لێرەدا وەک میکانیزمی سەرەکی تاوان وەسف کراوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ کاریگەری فسیۆلۆژی کریستاڵ وحەبی ترامادۆلە لەسەر مێشک، فەرامۆشکردنی دەرەنجامی کار نیشانەی لەدەستدانی ژیرییە، ماددەکە وەک فەرماندەیەکی کوێر ڕەفتاری تاک ئاراستە دەکات.

لێتوێژراوی A4 دەڵێت: **((کریستال و هێرۆیین و جامایکا ، زۆرێک لە کچان بەهۆی بەکارهێنانی ئەو مادانە شەرەف و ناموسی خۆیان دەکەنە قوربانی))**، ماددە قورسەکان وەک

دەروازەی دارمانی ئاکاری و فێربوونی بەدڕەوشتی وەسف کراون، ئەمەش نیشانەی دارمانی قووڵی بەهای کۆمەڵایەتییە.

لێتوێژراوی A5 وەڵامێکی وێرانکەری هەیە دەڵێت: **((هێرۆیین وادەکات بەکارهێنەر تووشی چەندین تاوان بکات وەک دزی ،زینا ، خیانەت لە نیشتیمان))**، هێرۆین لێرەدا وەک وێرانکەری ئینتیما دەردەکەوێت. فرۆشتنی نیشتمان و شەرەف لە پێناو ماددەدا لوتکەی لادانە.

کەچی لێتوێژراوی A6 دەڵێت: **((هێرۆیین و جامایکا مرۆڤ دەتباتە حالەتێکی وا هەستی مرۆڤایەتی لەلات نەمێنێت))**، لێرەدا ئەو دوو ماددەیە وەکو سەرچاوەی نەهێشتنی خەسڵەتی ئاکاری و کۆمەڵایەتی مرۆڤ کاردەکات ، ئەمەش ئاستی هەرە بەرزی مەترسیان دەردەخات

کەچی لێتوێژراوانیA12، A17 دەڵێن: **((کراک و هێرۆیین وات لێدەکات وەک ئاژەڵێک رەفتار بکەیت هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی لانامێنێت))**، نەمانی بەها و هەستی مرۆڤایەتی ڕێگە بۆ تاوانی کوشتن و بازرگانی ئەندامانی جەستە خۆش دەکات. ماددەکە بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر لە مرۆڤبوون دادەماڵێت. ئەمە نیشانەی دارمانی پیرۆزییەکانی کۆمەڵگەیە.

لێتوێژراوانیA19,A16,A15,A14,13,A9) دەڵێن: **((من تەنها کریستالم بەکارهێناوە زانیاریم لەسەر ماددەکانی تر نیە، بەڵام لەسەرەتا دەتکاتە پاڵەوان دواتر دەتکاتە حەیوان ))** ئەوانە بێ ئاگان لە زەرەرەکانی ماددەی هۆشبەری کریستاڵ ، کە چەندە کاریگەرە لەسەر جەستەیان ،چونکە ماددە کیمیاویە دەستکردەکان مرۆڤ دەپوکێننەوە .

لەکاتێکدا لێتوێژراوی A11 دەڵێت: **((دەرزی ترامادۆڵ وات لێدەکات هەر شتێک بتەوێت دەیکەیت))**، دەرزی لێرەدا گوزارشتە لە خێراترین شێوازی وابەستەیی. نەمانی کۆنترۆڵ لێرەدا گشتگیرە.

لێتوێژراوی A18دەڵێت: **( جامایکا ،هێرۆیین ،کریستاڵ هەست بەترس ناکەیت چیت هاتە مێشکت بێدودلی دەیکەیت و وادەزانی خۆت هەموو شتێکی )**. کاتێک بەکارهێنەر هەستی بەترس نەکرد وبێ بیرکردنەوە پەلکێشی تاوان دەبێت ،ئەمەش نیشانەی گیرۆدەبونێکی قوڵە

لێتوێژراوی A20 دەڵێت: **((کاتێک گیرۆدەی دەرمان دروستکەرەکان دەبیت مێشکت ئەپوکیتەوە و وات لێدەکات پارە پەیدا بکەی بەهەر جۆرێک بێت))**، پوکانەوەی مێشک وەسفێکی وردی زیانە فسیۆلۆژییەکانە، هەموو ڕێگایەک (دزی، بازرگانی) لای تاک بۆ پەیداکردنی پارە ڕەوا دەبن.

لێتوێژراوی A21 دەڵێت: **((کریستاڵ زیاتر دەفعت دەکا فکرەت پێدەدا و تاوانیشبیت و ئیشەکەت بۆ ئاسان دەکا))**، ماددە وەک ئاسانکاری تاوان ڕۆڵ دەبینێت. ئەمە نیشان دەدات ماددەکە زیرەکییەکی لادەرانە بە تاک دەبەخشێت.

لێتوێژراوی A22 دەڵێت: **((زیاتر حەب هیچ ترسێکت ناهێڵێت گەر بەرامبەرەکەت بیکەسیشی پێبێت قەت ناترسێی))**، نەمانی ترس تەنانەت لە چەک (بیکەسی) نیشانەی شێتییەکی دەروونییە. ئەمە تاک بەرەو شەڕی کوێرانە دەبات.

لە ئەنجامی خستنەڕووی زانیارییەکان دەردەکەوێت بەسی زۆری لێتوێژراوان جەخت لەسەر پەیوەندی بەکارهێنانی ماددەی کریستال وئەنجامدانی تاوان دەکەن ، چونکە پێانوایە

بەکارهێنانی کریستاڵ هەستی بەهێزی وئازایەتی فەراهام دەکات ، ترس وریز ناهێلێت ، بەکاربەر بێباک دەکات لە هەموو رەفتارێک ، جا ئەگەر تاوانیش بێت ،بەڵام بەشێکی تری لێتوێژراوان جەخی لەسەر کاریگەری ماددەکانی وەکو هێرۆیین و جامایکا وحەبی ترامادۆڵ دەکەن . بەگشتی ئەو ئەنجامانە پشتراستکەرەوەی ئەنجامی تەوەرەکانی پێشوترە ، کە دەریدەخەن زۆری هەرە زۆریلێتوێژراوان ماددەی کریستالیان بەکارهێناوە لەکاتی ئەنجامدانی تاوان .

ئەم ئەنجامانە بە تەواوی هاوتان لەگەڵ ئەنجامی **توێژینەوەی (رێبین کاکەمەم، ٢٠٢٢)** کە کریستاڵی وەک هۆکاری سەرەکیی لەدەستدانی کۆنترۆڵی رەفتار و توندوتیژی دەستنیشان کردووە.

## 6- دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

### 6- 1 دەرئەنجامەکان:

لەسەر بنەمای ئەنجامەکان، توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی خوارەوە:

1 .باڵادەستیی ماددە دروستکراوەکان: کریستاڵ (Methamphetamine) وەک مەترسیدارترین جۆری ماددە لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا دەرکەوتووە، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سڕکردنی ناوەندەکانی ترس و دروستکردنی ئازایەتیی وەهمی بۆ ئەنجامدانی تاوانی کوشندە.

2 .پەیوەندیی دۆپامین و توندوتیژی: توێژینەوەکە سەلماندی کە ماددە هۆشبەرەکان گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ لە کیمیای مێشکدا دروست دەکەن، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی لۆژیک و بەرزبوونەوەی شەرەنگێزیی(Impulsivity) ، بە جۆرێک تاک بێباک دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە ئەمنییەکان.

3 .دارمانی سیستەمی بەهاکان: ئالوودەبوون دەبێتە هۆی لێکترازانی خێزانی و دارمانی ئاکاری، کە تێیدا بەکارهێنەر پەنا بۆ تاوانە ناپەسندەکان دەبات (وەک خیانەتی هاوسەری، ناچارکردنی خێزان بۆ لەشفرۆشی، و دزیکردن لە ماڵەوە) تەنها بۆ دابینکردنی تێچووی ماددەکە.

4 .سووڕی هەژاری و تاوان: نزمیی ئاستی خوێندن و بێکاری وەک فاکتەری یارمەتیدەر دەرکەوتوون کە تاک بەرەو بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان پاڵ دەنێن وەک جێگرەوەیەک بۆ سەرکەوتنی ئابووری.

.5 نامۆبوونی کۆمەڵایەتی: لێتوێژراوان بەهۆی لەکەی کۆمەڵایەتی و نەبوونی پشتگیری خێزانی، زیاتر بەرەو جیهانی تاوان خزاون و هەستی تۆڵەکردنەوە لە کۆمەڵگا لایان دروست بووە.

### 6- 2 پێشنیاز لەسەر بنەمای دەرەنجامەکان:

ئەم پێشنیازانە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێن:

1 .دامەزراندنی سەنتەری چاکسازیی تایبەتمەند: پێویستە دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان سەنتەری دەروونی و پزیشکیی پێشکەوتوو بۆ چارەسەری ئالوودەبوون دابین بکەن، نەک تەنها سزادانی جەستەیی لە زیندانەکاندا.


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

2 .دارشتنی ستراتیژیی هۆشیاریی نیشتمانی: پەرەپێدانی پرۆگرامی پەروەردەیی لە ناوەندەکانی خوێندن دەربارەی مەترسییە دەروونی و یاساییەکانی مادده هۆشبەرەکان، بەتایبەت بۆ قۆناغی هەرزەکاری.

3 .بەهێزکردنی کۆنترۆڵی ئەمنی و مەیدانی: توندکردنی سزا یاساییەکان بۆ بازرگانانی ماددەی هۆشبەر و بەهێزکردنی هەماهەنگی لە نێوان پۆلیس و ئاسایش بۆ بنبڕکردنی سەرچاوەکانی هاتنی مادده.

4 .پشتگیریی ئابووری و کۆمەڵایەتی: دابینکردنی هەلی کار و ڕاهێنانی پیشەیی بۆ ئەو کەسانەی لە زیندان ئازاد دەبن بۆ ڕێگریکردن لە گەڕانەوەیان بۆ ناو جیهانی تاوان.

5. ڕۆڵی میدیا و ئاین: کاراکردنی ڕۆڵی مامۆستایانی ئاینی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە گۆڕینی دیدگای کۆمەڵگا بۆ ئالوودەبووان وەک "نەخۆش" نەک تەنها وەک "تاوانبار".

**6- 3 راسپارەکان بۆ توێژینەوەی داهاتوو:**

1 .ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی مەیدانیی بەرفراوانتر کە بەراوردکاری بکات لە نێوان ڕێژەی تاوان لە نێوان بەکارهێنەرانی ماددەی سروشتی (وەک حەشیش) و ماددەی کیمیایی (وەک کریستاڵ).

2 .لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی توندوتیژیی خێزانی وەک هۆکارێک بۆ پەنابردنی منداڵان و گەنجان بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر.

3 .ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر "بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە نێو ژناندا" بە شێوەیەکی سەربەخۆ، بەهۆی هەستیاریی پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردیدا.

4 .خوێندنەوەی یاسایی بۆ "یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان" و گونجاندنی لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی ئەم دیاردەیە.

5. توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا و تەکنەلۆژیا لە ئاسانکاریی دەستگەیشتن بە مادده هۆشبەرەکان و بڵاوبوونەوەی کلتووری لادان.

**سەرچاوەکان:**


1- ئەحمەد محەمەد سالح، ٢٠١٨. مادده هۆشبەرەکان و زیانەکانیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی. هەولێر: وەشانخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

2- جبار،شەهلا وەلی (2019) شێوازی ژیان لە شارە نوێکانی نیشتەجێبوون ،ژێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە،کۆلیژی ئەدەبیات ،بەشی کۆمەڵناسی ،زانکۆی سەلاحەددین.

3- شیلان عەلی، ٢٠١٥. بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ناو گەنجانی کوردستان. سۆران: زانکۆی سۆران

4- نەجات محەمەد، ٢٠٢٢. بنەماکانی دەرمانسازی مادده هۆشبەرەکان. دهۆک: وەشانخانەی کوردستان.

5- کەمال رەسوڵ، ٢٠٢٠. ‹دەروونناسی و کاریگەرییەکانی مادده وڕێنەبەخشەکان› گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.

6- سەرکەوت حسێن، ٢٠١٩. ‘زیانەکانی مادده ورێنەبەخشەکان لەسەر گەنجانی کورد’، گۆڤاری زانکۆی کۆیە.
7- پێندرۆیی ،محمد ساڵح ، ٢٠٢٤ ،زیان ومەترسیەکانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر تاک وکۆمەلگە (هۆکاروچارەسەر)،چاپخانەی پاندا ،سلێمانی ،چاپی یەکەم.
8- ئەبراش، ئیبراهیم، ) 2013 (، میتۆدەکا نی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، و: دیدار ئەبو زێد، کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر.
9- ڕەؤوف، دیدار کەمال، 2023 ، بەهای خۆشەویستی و ڕەنگدانەوەی لە پەیوەندی هاوسەرانیدا،ماستەر نامەیەکی بڵاونەکراوە،بەشی کۆمەڵناسی ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەییەکان ،زانکۆی سلێمانی .
10- رسول، عزالدین عبدالصمد ، 2024 ، شێلتەر و کێشەکانی لەڕوانگەی ستافی بەڕێوەبردنەوە، توێژینەوەیەکی مەیدانییە، یەتییەکان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەییەکان، بەرگی 7 ، ژمارە١ . https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024,P186-198
11- العطوى، جودت عزت، 2007 ، اساليب البحث العلمى، مفاهيمه، أدواته، طرق الإحصائية، دار
12- فاطمة السيد محمد، ٢٠١٤. المهدئات في علاج الاضطرابات النفسية بمصر. القاهرة: كلية الطب، جامعة القاهرة.
13- عبدالعزيز، الهيستاني أحمد و الخضر، المعماري علي أحمد(2012): دراسات في علوم الإجرامي، ط1، دار غيداء للنشر و التوزيع، عمان، الأردن.
14- مصطفى العوجى, 1980 , دروس فى العلم الجنائى والجريمة والمجرم, الجزء الاول, بيروت, مؤسسة نوفل.
15- مصلح الصالح ,2000, الشامل قاموس المصطلحات العلوم الاجتماعية, دار الكتب للطباعة والنشر والتوزيع, الرياض .
16- خالد محمد المهندى ,2013 , المخدرات واثار النفسية والاجتماعية والاقتصادية في المجلس التعاون لدول الخليج العربية, مركز المعلومات الدنائية لمكافحة المخدرات لمجلس التعاون لدول الخليج ,قطر
17- ربيع محمد شحاته,جمعه سيدو عبدالله, معترسيد,2011, علم النفس الجنائى ,القاهرة ,دار غريب للطباعة والنشر .
18- محمد عبد العزيز، ٢٠١٥. تأثير الكوكايين على الصحة العامة. دار النشر الجامعي.
19- مدان، محمد، ٢٠١٣. ظاهرة تعاطي المخدرات في الوسط الطلابي الجامعي: دراسة ميدانية بالأحياء الجامعية بتلمسان. الوقاية والأرغنوميا، 7(3)، 33-40 .

-20 محمد عبد الرحمن، ٢٠١٦. الأدوية النفسية وتأثيراتها على السلوك الإنساني. القاهرة: دار النهضة العربية.

-21 عەزیز، بەشار، ٢٠٢٤. تاوانەکانی مادده هۆشبەرەکان. سلێمانی: کتێبخانەی یادگار.

-22 گۆران عوسمان، ٢٠١٦. چیرۆکی قوربانیانی مادده هۆشبەرەکان. سلێمانی: وەشانخانەی هەتاو

-23 مصطفى، عقون، ٢٠١٦. جريمة تهريب المخدرات والمؤثرات العقلية. مجلة القانون والعلوم السياسية، 2(1)، 491-503 .

-24 رمضان السيد (1985) الجريمة والانحراف في منضور الاجتماعي , الاسكندرية ,مصر , مكتب الجامعي الحديث.

-25 السراج عبود (1985) علم الاجرام والعقاب ,الطبعة 3 ,الكويت , مطبعة ذات سلاسل.

-26 علجية دا ود، ارتباط المخد ا رت بالإجرا م، مذكرة للمدرسة العليا للقضاء، جانفي 2008

-27 حمزة شرقي وطاهير البقور، 2016-2017جرا ئم المخد را ت بين اجر ا ءات التحري والمتابعة في التشريع الجز ائري، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماستر أكاديمي، كلية الحقوق والعلوم السياسية، تخصص علمالجنائي، جامعة محمد بوضياف، المسيلة،

-28 نبيلة سماش، تأثير المخد ا رت والمؤثرات العقلية، مذكرة لنيل شهادة الماجستير، تخصص علم الإجرا م والعقاب، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة الحاج لخضر، باتنة، 2013

-29 جيماوي فوزي، 2012 -٢٠١٣السياسة الجنائية، لمكافحة المخد ا رت في الجزائر، مذكرة لنيل شهادة الماجيستر - فرع القانون الجنائي والعلوم الجنائية، كلية الحقوق، جامعة الجزا ئر 1، بن عكنون.

-30 بن عبيد سهام، 2012-2013جريمة استهلاك المخد ا رت بين العلاج والعقاب، مذكرة لنيل شهادة الماجستيرفي العلوم القانونية ،تخصص العلوم الجنائية، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم الحقوق، جامعة الحاج لخضر، باتنة .

-31 مازن الحنبلي، جرا ئم المخد ا رت، ط، د،سلسلة الأبحاث العلمية، الكتاب المكتبة القانونية ,سوريا، دون سنة النشر

-32 لحسين بن شيخ آث ملويا، 2010 المخد ا رت والمؤث ا رت العقلية، دار الهومة، بوزريعة، الجزائر .

-33 علي أحمد ا رغب،.1997 ،استر ا تيجية مكافحة المخد را ت، د، ط، دار النهضة العربية، القاهرة،

34- مختار سيدهم،.2017 المخد را ت والمؤثر ا ت العقلية، مجلة المحكمة 74 العليا، العدد

35- Hari, J., 2015. Chasing the Scream: The First and Last Days of the War on Drugs. New York: Bloomsbury.

36- Hanson, G.R., Venturelli, P.J. and Fleckenstein, A.E., 2022. Drugs and Society. Jones & Bartlett Learning.

37- Volkow, N.D. et al., 2009. 'The Neurobiology of Cocaine Addiction', Science & Practice Perspectives, 3(1).

36-Maté, G., 2010. In the Realm of Hungry Ghosts: Close Encounters with Addiction. Toronto: Vintage Canada

37-Didier jayele , Philippe Lamoureux ,drogue et dépendances ,première

édition, 2006

**resources**:

1- Ahmad Mohammed Salih, Drugs and their harms on Kurdish society. Erbil: Salahaddin University Publishing House.

2- Jabbar, Shahla Wali (2019) Lifestyle in New Residential Cities, Unpublished PhD Thesis, College of Literature, Department of Sociology, Salahaddin University.

3- Shilan Ali, Drug use among Kurdistan youth. Soran: Soran University

4- Najat Mohammed, Principles of Narcotic Pharmacology. Duhok: Kurdistan Publishing House.

5- Kamal Rasul, 'Psychology and effects of addictive substances', Journal of Sulaimani University.

6- Sarkawt Hussein, 'The harms of illicit substances on Kurdish youth', Journal of Koya University.

7- Pendroyi, Mohammed Salih, 2024, Harms and Dangers of Drugs on Individuals and Society (Causes and Treatment), Panda Printing House, Sulaimani, First Edition.

8- Abrash, Ibrahim, ) 2013 (, Research Methods in Sociology, and: Didar Abu Zeid, Awer Library, Erbil.

9- Rauf, Didar Kamal, 2023, The value of love and its reflection in marital relationships, unpublished master's thesis, Department of Sociology, College of Humanities, Sulaimani University.

10- Rasool, Ezaddin Abdulsamad, 2024, Shelter and its problems from the perspective of management staff, a field study, Yetiyan, Koya University Journal for Humanities, Volume 7, No. https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024,P186-198

11- Al-Atwi, Judith Ezzat, 2007, Methods of Scientific Research, Concepts, Methods, Statistical Methods, Dar

12- Fatima Al-Sayed Mohammed, Preparations in the treatment of mental disorders in Egypt. Cairo: Faculty of Medicine, Cairo University.

13- Abdulaziz, Al-Histani Ahmad and Al-Khader, Al-Mamari Ali Ahmad (2012): Studies in Criminal Sciences, Volume 1, Dar Ghaida Publishing and Distribution, Oman, Jordan.

14- Mustafa Al-Ouji, 1980, Lessons in Criminal Science, Crime and Criminals, Part I, Beirut, Nofal Institute.

15- Musleh al-Saleh, 2000, Including Dictionary of Terms of Social Sciences, Dar al-Kitb for Printing, Publishing and Distribution, Riyadh.

16- Khalid Mohammed Al-Mahandi, 2013, Drugs and Psychological, Social and Economic Effects in the Gulf Cooperation Council, Al-Dana'i Information Center for Drug Control Gulf Cooperation Council, Qatar

17- Rabi Mohammed Shahata, Juma Sayyid Abdullah, Mu'taz Sayed, 2011, Criminal Psychology, Cairo, Dar Gharib Printing and Publishing.

18- Mohammed Abdul Aziz, Effects of cocaine on public health. University Publishing House.

19- Madan, Mohammed, The phenomenon of drug abuse in the university student center: a field study with the university life in Tel Aviv. Environment and Ergonomics, 7(3), 33-40.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

20- Mohammed Abdulrahman, Psychological drugs and their effects on human behavior. Cairo: Arab Renaissance House.

21- Aziz, Bashar, Drug offenses. Sulaimani: Yadgar Library.

22- Goran Osman, Stories of drug victims. Sulaimani: Hataw Publishing House

23- Mustafa, Aqun, Crime of trafficking in drugs and psychotropic substances. Journal of Law and Political Science, 2(1), 491-503.

24- Ramadan Al-Sayed (1985) Crime and corruption in social projects, Alexandria, Egypt, Hadith University Office.

25- Al-Siraj Aboud (1985) Crime and Punishment Science, 3rd Edition, Kuwait, Zaat Salasal Printing House.

26- Aljiyah da Wad, Material Relationships to Performance, Memorandum of the Higher School of Jurisprudence, January

27- Hamza Sharqi and Tahir Al-Baqur, 2016-2017, during this year between the rewards of freedom and follow-up in the legislation of the Iraqi part, full memorandum with a master's degree Academy, Faculty of Law and Political Sciences, Specialization in Criminal Sciences, Mohammed Bouziaf University, Issue,

28- Nabila Samash, Effects of Drugs and Mental Health, Thesis for Master's Degree, Specializing in Executive Sciences and Punishment, Faculty of Law and Political Sciences, University Al-Hajj al-Khidr, Batna,

29- Jimawi Fouzi, 2012-2013 Criminal Policy, Fighting Drugs in Algeria, Master's Degree - Branch of Criminal Law and Criminal Sciences, Faculty Al-Haquq, Al-Jaza University, Ir 1, Ibn Aknoon.

30- Bin Obaid Saham, 2012-2013 Crime of consumption of drugs between treatment and punishment, memorandum for the degree of master of legal sciences, specialized in criminal sciences, faculty Law and Political Sciences, Department of Law, Al-Hajj Al-Khidr University, Batna.

31- Mazen al-Hanbali, Jara Umm al-Makhda al-Art, T., D., Silsila al-Abhath al-Ilamiyah, al-Kitab al-Maktabah al-Qanuniyah, Syria, Dun Sana al-Nashr

32- Hussein bin Sheikh Ath Malwia, 2010 Al-Makhda Art and Al-Mutha Art Al-Aqliya, Dar Al-Houma, Bouzaria, Algeria.

33- Ali Ahmad A. Ragheb, 1997, The Star of the Drug Fight, D. T., Arab Renaissance House, Cairo,

34- Mukhtar Sidham, 2017 Al-Makhd Ra T and Al-Mother A T Al-Aqliyah, Court Magazine 74 above, no

38- Hari, J., 2015. Chasing the Scream: The First and Last Days of the War on Drugs. New York: Bloomsbury.

39- Hanson, G.R., Venturelli, P.J. and Fleckenstein, A.E., 2022. Drugs and Society. Jones & Bartlett Learning.

40- Volkow, N.D. et al., 2009. 'The Neurobiology of Cocaine Addiction', Science & Practice Perspectives, 3(1).

36-Maté, G., 2010. In the Realm of Hungry Ghosts: Close Encounters with Addiction. Toronto: Vintage Canada

37-Didier jayele , Philippe Lamoureux ,drogue et dépendances ,première

édition, 2006